






## زەمینەی لەبار بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام

# دابینکردنی سەرچاوەی داهاتە بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانەکان


















## سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی پێنجەم بووە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی پتەوی ئەوتۆ بۆ کاری هاوبەش لەنێوان حزبە سیاسیەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی دروست بکات

لەگەڵ ئەو هەموو بەرەو پێشەوەچوونەی کە لەبواری پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێرخانەکان لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتوون و، ئەم بەرەو پێشەوە چوونەش لە چەندین میدیای رۆژئاوا بە هەنگاوی پڵنگ لەبوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان وەسف دەکرێت، بەڵام بەپێی لێدوانێکی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رۆژی ٢٠١٣/٣/١٣ لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط) بڵاوکراوەتەوە، هێشتا هەرێمی کوردستان پێویستی بە ٣٠ ملیار دۆلاری دیکە هەیە بۆ ئەوەی لەچەند ساڵی داهاتوو لە بونیادی رێگەی خێرا و قوتابخانە و ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان خەرجی بکات، ئەم لێدوانەی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێت ئەگەر هەتا ١٠ ساڵی داهاتوو هەموو بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئەو بوارانە خەرج بکرێن، ئەوا هێشتا لەوانەیە ئەو بودجەیە بەشی ئەوە نەکات کە بتوانرێت پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان کۆتایی بێت و هەنگاو بەرەو پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام هەڵبگیرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لەوە کردۆتەوە سەرچاوەی داهاتی دیکە پەیدا بکات بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە کورت بکاتەوە و هەنگاوی خێراتر لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان هەڵبگرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوو (واتە لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە هەتا ئێستا) هەڵیگرتووە، لەبەر ئەوەی ئەم گەڕانەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت بەوەی تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو راستیە تێگەیشتووە کە پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو پێویستی بە ئیمکانییەتێکی ماددی ئەوتۆ هەیە کە ئیمکانییەتی ئاسایی وڵات ناتوانێت ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین بکات، ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان وڵاتانی دوای شەڕ راستیەك بێت و هەموو سیاسەتمەدار و تۆژەرانی ئەم بوارەی لەسەرانسەری جیهان پێوە سەرقاڵ بووبێت، پرسیار ئەوەیە بۆ وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستان کە ئاستی کاولکاری و پشتگوێخستنی زۆر لەخوار وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی دوای شەڕەوە بووبێت، ئایا دەبێت ئەم وڵاتە چەند ئیمکانیەتی پێویست بووبێت؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا لەهەرێمی کوردستان تەنیا کێشەی سەرچاوەی داهاتمان هەبووە بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان، یان لەسەر ئاستی سیاسیی و ئیداریش هەرێمی کوردستان پێویستی بە رێکخستنەوەو دروستکردنی ژێرخانێك هەبووە بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردنی تەواوی لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان؟ بێگومان ئەگەر تەنیا لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە سەیری پرۆسەی سیاسیی و ئیداری کوردستان بکەین، هەستدەکەین لە ١٠ ساڵی رابردوودا زەمینەی پێکەوە کارکردن و ئیدارەیەکی سەرتاسەری لە کوردستان بوونی نەبوو، راستە یەك پەرلەمان لە کوردستان هەبوو، بەڵام هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەی هەبوو کە ئەویش ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بوو، لەمەش خراپتر تێڕوانینێکی حزبیانە بۆ شێواز و هەڵسوڕانی ئیداری لە کوردستان بوونی هەبوو، بەڵام هەردوو حزبی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) وەك هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناخە بۆ رێکخستنەوەی زەمینەیەك بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەو هەنگاوەش یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بوو لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی لەم هەنگاوە پرۆسەکەی پارتی و یەکێتی لە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە سەرخست، هاودەنگی پارتی و یەکێتی بوو لەسەر دەستنیشانکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کابینەی پێنجەمدا، سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانیش لە کابینەی پێنجەم بووە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی پتەوی ئەوتۆ بۆ کاری هاوبەش لەنێوان حزبە سیاسیەکان بەگشتی و پارتی و یەکێتی دروست بکات، کە نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان رەنگدانەوەی هەبێت، بەڵکو ئەم سەرکەوتنە بووە هۆکاری ئەوەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەساڵی ٢٠٠٧ وەك یەکێك لەسەرکردە لاوەکانی جیهان هەڵبژێردێت و لەساڵی ٢٠٠٨ یش دکتۆرای فەخری لە زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن پێببەخشن، ئەمەش یەکەمجار بوو لە مێژووی زانکۆی واشنتۆن —جیفرسۆندا دکتۆرای فەخری ببەخشرێتە کەسێك کە ناسنامەی ئەمریکی نەبێت یان هاووڵاتی ئەمریکا نەبێت، ئەوکات ئێمە لە گۆڤاری گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەو رووداوە پەیوەندیمان بە خاتوو هاری تۆری سمیس سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن —جیفرسۆن کرد و لێمان پرسی ئێوە وەك ئەنجوومەنی زانکۆ چۆن ئەو خەڵاتە دەبەخشنە سەرۆك وەزیرانی ئێمە، لەوەڵامدا سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن سێ هۆکاری بە گوڵان راگەیاند:

١. لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردەیەیە کە توانی لەماوەی حکومڕانی کابینەی پێنجەمدا، زەمینەیەکی کاری هاوبەش لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات کە پێشبینی نەدەکرا.

٢. لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی لە جوگرافیایەکی نامۆ بەدیموکراتی لەنێو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دواکەتوو، توانیوویەتی هەنگاو بۆ گەشەسەندی ئابووری و دیموکراتی هەڵبگرێت.

٣. ئـەم هەنگاوانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بونیادی دیموکراتی لە کوردستان، هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی دیموکراتی لە عێراقدا، بونیادی دیموکراتیش لە عێراقدا ئامانجی سەرەکی ئەمریکایە، بۆیە ئێمە لەم چوارچێوەیەدا نێچیرڤان بارزانی وەك هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا بۆ بونیادی دیموکراتی سەیردەکەین و لەبەر ئەم هۆکارانەش ئەنجوومەنی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن بڕیاریداوە بۆ یەکەمین جار دکتۆرای فەخری بەسەرۆك وەزیرانەکەی ئێوە ببەخشێت.

کەواتە گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندەو هەڵسەنگاندنی بەرنامەی حکومەت لە چوارچێوەی پرۆسەی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، هێندەی بۆ هەڵسەنگاندن و دووبارە خوێندنەوەی شێوازی بەرنامەکانی حکومەتە بۆ پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێرخانەکان، هێندە مەبەست لە کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵام گومانیشی تێدانییە شێوازی بیرکردنەوەی سەرۆکی حکومەت لە کابینەی پێنجەم (کە بەکردەیی کابینەی یەکەمە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادی ژێرخانەکان لەکوردستان) ڕەنگدانەوەی سلبی و ئیجابی بەسەر ئەو قۆناخە بەجێدەهێڵێت، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی کابینەی پێنجەم، قۆناخی دەسپێکی هەنگاو هەڵگرتن بووە بۆ بونیادی ئەو زەمینەیەی کە پرۆسەی پەرەپێدانی لەسەر ئەنجامبدرێت، ئەوا لەم قۆناخە کە قۆناخی بونیادی دامەزراوەکان بووە بۆ ئەم قۆناخە نوێیە ئەوا دیسان شێوازی بیرکردنەوەی سەرۆکی حکومەت کاریگەری سلبی و ئیجابی لەسەر ئەو قۆناخە دەبێت، هەر ئەم قۆناخەش دەبێتە بناخە بۆ ئەوەی ئاییندەی لەسەر بونیاد بنرێتەوە.

### گواستنەوەی کوردستان بۆ سەر نەخشەی وزە لە جیهاندا

هەنگاوێکی دیکەی گرنگی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بوو لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بۆ وەبەرهێنان لەبواری وزە کە ئەویش هەردوو بواری نەوت و گازی سروشتی دەگرێتەوە، ئەم هەنگاوە کە لەیەك کاتدا هەنگاوێکی بوێرانە و مەترسیداریش بوو، نەك تەنیا هەوڵێك بوو بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات، بەڵکو پێگەی هەرێمی کوردستانی لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی دیاریکرد، سەربەخۆییەکی بۆ ئابووری کوردستان دروستکرد، کە چیدیکە حکومەتەکانی بەغدا نەتوانن یاری بە قووتی خەڵکی کوردستان بکەن و بە بڕینی بودجە هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان بکەن، هەروەك چۆن ئێستا شەڕی بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە دژی هەرێمی کوردستان لەو پەڕیدایە، حکومەتی مالیکی هەرچی بکات ناتوانێت دەسکاری ئەو بودجەیە بکات، تەنانەت کە ئێستاش لەسەر پارەی کۆمپانیاکانی نەوت بە زۆرینە و بێ ئامادەبوونی کورد بودجە تێپەڕ دەکات، بەڵام سەرەنجام ناتوانێت درێژە بەو سیاسەتە بدات و دەبێت مەرجەکانی هەرێمی کوردستان قبوڵ بکات، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە بوێرانەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەمدا هەڵیگرتووە، ئەو هەنگاوە وەك مایکل نایتی تۆژەری باڵای ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك لە تازەترین وتاریدا ئاماژەی پێکردووە (دەبێت واشنتۆن هەموو گوشارێك بخاتە سەر حکومەتەکەی مالیکی بۆ ئەوەی پارەی هەرێمی کوردستان مانگانە بنێرێت، لەبەر ئەوەی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەینێرێتە دەرەوە حکومەتی مالیکی لێی سوودمەند دەبێت و بەتایبەتی کە بەرەو وەرزی هاوین دەڕۆین مەسەلەی نەبوونی کارەبا دێتە پێشەوە کە عێراق بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەپێچەوانەشەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەهێزتر دەبێت و دەچێتە قۆناخێکی دیکەوە)، کەواتە ئەوەی ئەو تۆژەرە باڵا ئەمریکیە، واشنتۆنی لێ ئاگادار دەکاتەوە ئەم خاڵانەی لێ دەخوێنرێتەوە:

١. ئەو بودجەیەی حکومەتی بەغدا دەینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، زۆر کەمترە لە داهاتی ئەو نەوتەی کە ئێستا کوردستان دەینێرێتە دەرەوە کە بە ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا مەزندە کراوە.

٢. هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دەستووری خۆی پیادە دەکات و بەپێی دەستووری عێراق هەرێمی کوردستان ئەو مافەی هەیە وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت بکات و گرێبەست ئیمزا بکات، بۆیە هەر ئەو دەستوورە ڕێگەی ئەوەی پێدەدات نەوتی خۆی بنێرێتە دەرەوە و بەشە داهاتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو بەشەی لە دەستوور بۆی دیاریکراوە، وەری بگرێت.

٣. لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانی حکومەتی بەغدا دەستووری نین و هەوڵەکانی دژی دابەشکردنی دەسەڵات و دەسەڵاتی دەستووری هەرێمی کوردستانە، ئەوا دەوڵەتان لەگەڵ دەستوور مامەڵە دەکەن و گوێ بە بڕیارە نادەستوورییەکانی حکومەتی بەغدا نادەن، بۆیە مایکل نایت حکومەتەکەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە ئەوا ئەگەر گوشار نەخاتە سەر مالیکی، کوردستان لە بەغدا دوور دەکەوێتەوە، وڵاتانی دیکەش بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەنگاوەکانی کابینەی پێنجەم بکەین، کە لەڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١ پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی تەواو کرد و لەڕێوڕەسمێکدا سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی ئەم هەنگاوە گەورەیان ڕاگەیاند و کوردستانیان خستە سەر نەخشەی وزەی جیهان، ئەوا دەگەینە ئەو وەڵامەی کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بناخەیەکی

**کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بناخەیەکی پتەوی بۆ زامنکردنی ئابووری کوردستان دروستکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حکومەتەکانی بەغدا نەتوانن شەڕی بودجە و بڕینی سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك لەگەڵ کوردستان بکەن**



**خۆشبەختانە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، ئەوە یەکەمجارە کوردستان بۆتە کیانێک و سەرچاوەی داهاتی خۆی لەبەر دەستە و دەتوانێت بەپێی دەستووری عێراق زامنی ئەو بەشە داهاتە بکات کە بۆ هەرێمەکەی پێویستی پێیەتی**

پتەوی بۆ زامنکردنی ئابووری کوردستان دروستکرد بۆ ئەوەی جارێکی دیکە حکومەتەکانی بەغدا نەتوانن شەڕی بودجە و بڕینی سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵك لەگەڵ کوردستان بکەن، کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارچێوەیەکی سەربەخۆیی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروستکرد کە زامنی بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان دەکات، راشکاوانەتر بۆ هەموو جیهانی سەلماند ئەوە هەرێمی کوردستانە عێراق بەخێو دەکات نەك حکومەتی بەغدا هەرێمی کوردستان بەخێو بکات.

**ئابووری سەربەخۆ**
**بۆ بەردەوامی پرۆسەی پەرەپێدان**

مەبەستمان لە ئابووری سەربەخۆ، ئابووریی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو مەبەستمان لە ئابووری هەرێمێکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالیدا، ئەم ئابوورییە بەرهەمی هەموو داهاتەکانی دەوڵەتی فیدرالیە کە پێکهاتەکانی ئەو دەوڵەتە بەشدارن لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و ئامادەن کۆی داهاتەکان بە یەکسانی بەسەر هەموو هاوولاتیاندا دابەش بکەنەوە، لەمەوە دەردەکەوێت ئەگەر دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدرالی بونیاد بنرێتەوە و لە نێوان کورد و عەرەب کە دوو نەتەوەی سەرەکین یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە دروست بێت و تەواو نەتەوەو ئایینەکان رێز لەمافەکانیان بگیرێت، ئەوا هەرێمی کوردستان ئامادەبووە و ئامادەشە داهاتی کوردستان تێکەڵاوی داهاتی دەوڵەتی فیدرالی بکاتەوەو پاشان هەموو داهاتەکە بەیەکسانی دابەش بکرێتەوە، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەو بەشە داهاتەی کە بەپێی دەستووری عێراق بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، هیچ گەرەنتیەکی نییە و هەر ساڵە و بڕوبیانوویەکی پێدەگیرێت یان چەند ئەندام پەرلەمانێکی عەرەبی عێراق پێشنیاری ئەوە دەکەن کەم و زیاد لە بەشەداهاتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە هەموو بەرنامەی حکومەت و پلانی پرۆژەکانی پەرەپێدان بەستراوەتەوە بەو بەشە داهاتەی کە بەپێی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان تەرخاندەکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە هەوڵیداوە گەرەنتیەك بۆ ئەم بەشە داهاتەی خۆی دابین بکات، باشترین گەرەنتیش بۆ چەسپاندنی ئەم بەشە داهاتە و کردنی بە ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ پلان و داڕشتنی سیاسەتی ئابووری ئەوەیە کە سەرچاوەی داهاتەکە لەبەر دەستی هەرێمی کوردستان خۆی بێت نەك حکومەتی بەغدا،



خۆشبەختانە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، ئەوە یەکەمجارە کوردستان بۆتە کیانێك و سەرچاوەی داهاتی خۆی لەبەر دەستە و دەتوانێت بەپێی دەستووری عێراق زامنی ئەو بەشە داهاتە بکات کە بۆ هەرێمەکەی پێویستی پێیەتی، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەوانەی چاویان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، خاڵی سەرەکی جەختکردنەوەی رەخنەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان رەتکردنەوەی ئەو هەنگاوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری نەوت و گاز هەڵیگرتووە، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ئەم پرۆسەیە بە گەندەڵی ناشرین بکەن و، خەڵکی کوردستان لە سامانی نەوت و گاز بێ بەش بکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەم ئەم هەنگاوەی هەڵگرتووە، ئەوەی لەبەر چاوگرتووە تەنیا رێگەیەك ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بگێڕێتەوە کە ببنە خاوەنی سامانی نەوت و گاز، ئەوەیە ئەم پرۆسەیە شەفاف بێت و بواری ئەوەی تێدانەبێت گەندەڵی تێدا بکرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك دەڵێن لە کۆنتراکتەکانی نەوت و گاز گەندەڵی ناکرێت و دەبێت ئەم پرۆسەیە شەفاف بێت، ئایا ئەمە پرۆپاگەندەیەکی حزبیانەیە بۆ سەرۆك وەزیرانێك کە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە؟ یان ئەمە پرۆسەیەکە پەیوەندی بە بۆرسە و بازاڕی نەوتی جیهانییەوە هەیە، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشی حەز بکات لەو کۆنتراکتانە گەندەڵی بکات، ئەو کۆمپانیانەی دێنە کوردستان لەبەر ئەوەی پەیوەندیان بە بازاڕی نەوت و بۆرسە جیهانییەکانەوە هەیە ناتوانن گەندەڵی بکەن، بۆ ئەمەش بەڵگەمان هەیە یەکێك لە کۆمپانیاکانی نەوتی نەرویجی لەساڵی ٢٠٠٩ تەسەروفی بە پشکی کۆمپانیاکەی خۆیەوە کردبوو بەبێ ئاگاداری بۆرسەی وڵاتەکەی، بۆیە هەڵایەکی گەورەی لەسەر دروست بوو، لەمەش سەیرتر لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایە لە کوردستان کاری دەکرد، میدیاکانی ناوخۆ بەوجۆرە بەڕای گشتی کوردستانیان گەیاند، گوایە ئەوە گەندەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەبواری کەرتی نەوت، بەڵام کاتێك بەدواداچوونی رۆژنامەوانیمان بۆ کرد و وەك گۆڤاری گوڵان پەیوەندیمان بەسەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆوە کرد، راشکاوانەو بە نووسین وەڵامی داینەوە کە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی خۆیانەوە هەیە و دوور و نزیك پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە،

**بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەشی کە نەیانتوانیوە لەگەڵ بارودۆخی هەستیاری قۆناخی ئینتیقالی بگونجێن یان ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە هەستیاری ئەو قۆناخە لەبەر چاو بگرێت، ئەوا سەرەنجام پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کراوە بە قوربانی بەرژەوەندی حزبی ئەو حزبە سیاسیانەی کە نەیانتوانیوە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە رۆڵی خۆیان بگێڕن**

**ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، ئێستا لەسەر ئاستی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و میدیاکانی جیهان وەک مۆدێلێکی نوێی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەیر دەکرێت**

ئیمە بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان وەڵامەکانی سەرۆکی بۆرسە ئۆسلۆمان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە و ئەدرێسی سەرۆکی بۆرسەی ئۆسلۆشمان بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی هەر رۆژنامەنووسێکی کوردستان بیەوێت پەیوەندی پێوەبکات، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە کاتێك ئەم کەرتە گرنگە نەتوانرێت گەندەڵی تێدا بکرێت و نەتوانرێت شەفاف نەبێت، لەمەش گرنگتر خێری ئەم هەنگاوە بۆ هەموو عێراق بێت نەك تەنیا کوردستان، ئایا بۆچی حکومەتی بەغدا ئەم گێچەڵە بە کوردستان دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە لەبەر ئەوەی حکومەتی بەغدا چۆن هەرگیز نەیانویستووە کورد خاوەنی هیچ بێت و بەنەوتەکەی خۆی ماڵی کوردیان ئاگرتێبەرداوە، ئەوا ئێستا چاویان بەرایی نایەت ببینن کە کورد بە سامانی خۆی وڵاتی خۆی ئاوەدان بکاتەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا جارێکی دیکە حکومەتی بەغدا دەتوانێت رابردوو دووبارە بکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەستراوەتەوە بە هاوهەڵوێستی و یەکدەنگی و یەکڕیزی تێکڕای حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە لەسەر ئەم پرسە نیشتمانییە کە سامانی هەر تاکێکی ئەم کوردستانەیە و، دەبێت هەر تاکێکی کوردستان ئەوە قبوڵ نەکات جارێکی دیکە یاری بە بەشە داهاتی خەڵکی کوردستان بکرێت کە بەشێکە لە سامانی سروشتی خۆی ئەو سامانەی کە خوا پێی رەوا بینیوە کەچی دەسەڵاتدارانی بەغدا بەشێکیشمان پێی رەوا نابینین نەك هەمووی، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە بۆچی لەسەر ئاستی میدیاکانی ناوخۆ بە تایبەتی میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن وەك مەسەلەی سامانی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە ناکرێت و هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە ئەم هەنگاوە گەورەیە بچووك بکرێتەوە یان بەجۆرێك قسە دەکرێت وەك ئەوەیە ئاو بکرێتە سەر ئاشی دوژمنانی کوردستان؟ ئایا ئەگەر دیکۆمێنتیان لەبەر دەستە کە لە کەرتی نەوت گەندەڵی کراوە بۆچی دیکۆمێنتەکانیان بڵاو ناکەنەوە، یان ئایا بۆ شکات لەو کۆمپانیانانە ناکەن لە وڵاتی خۆیان نەك کوردستان کە بە گەندەڵی کۆنتراکت لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا دەکەن؟ لەبەر ئەوەی ئەوە سامانێکی نیشتمانییە و ناکرێت لەسەر گەندەڵیەکانی بێدەنگ بین، یان لەمەش سەیرتر وەك یەکێك لە پەرلەمانتارەکانی عێراق لە دیمانەیەکی لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا ئاماژەی پێکرد، ئێستا لەنێو حزبە شیعیەکانی باشوری وڵات بازرگانی حزبی بە نەوتەوە دەکرێت و نەوت بە نرخی کەم بە حزبەکان دەفرۆشن و حزبەکان دەینێرنە دەرەوە، ئایا ئەم گەمەیەی باشوور زیان لەبەشە داهاتی کوردستان نادات، لەکاتێکدا داهاتی نەوتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئایا ئەم تێڕوانینە حزبیە هەمان مەترسی هەڵبژاردنەکانی پێشووی لێ ناکەوێتەوە، کە کورد نەیتوانی ئەو بارودۆخە ئیستیغلال بکات، بەڵام عەرەبی سوننە و شیعە بارودۆخەکەیان ئیستیغلال کردو رێژەی کورسیەکانی کورد دابەزی و هی ئەوان بەرز ببوەوە، ئەوەی گومانی لەسەر ئەم پرسە هەیە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئاماری دەنگەکانی ساڵی ٢٠١٠ی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەوکات هەست بەوە دەکات، لیستی ئەلعراقیە کە ٩١ کورسی هێناوە و لیستی دەوڵەتی یاسا کە ٨٩ کورسی هێناوە، ژمارەی دەنگەکانیان زۆر لە کورد زیاتر نەبووە، بەڵام کورد تەنها ٥٧ کورسی هێناوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر کورد لە پەرلەمانی عێراق لەبری ٥٧ کورسی ٨٧ کورسی هەبوایە، با بەشی زۆری ئەو کورسیانەش بۆ پارتی و یەکێتی بوونایە، ئایا کورد ئەو کات قازانجی ئەکرد یان ئێستا کە ٥٧ کورسی هەیە؟ لەمەسەلەی نەوتیشدا مەسەلەکە بەو شێوەیەیە لەبەر ئەوەی داهاتی نەوت سەرەنجام داهاتێکی عێراقیە نەك کوردستانی، بۆیە ئەگەر بەلامانەوە ئاسایی بێت لە بەسراو ناسریە و عەمارە گەندەڵی لەنەوت بکرێت، بەڵام پێشمان ناخۆش بێت کە کورد خۆی ئیدارەی ئەم سامانە سروشتیەی خۆی دەکات، ئەمە مانای ئەوەیە باش لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق نەگەیشتووین، یان ئەگەر تێشگەیشتبین ئەوە دەبێت چاو بەخۆماندا بخشێنینەوە.

## حکومەتی کارا
## پێداویستیەکی گرنگ بۆ پەرەپێدان

هیچ حکومەتێك لە قۆناخی راگواستن یان لە قۆناخی بونیادنانەوەی ژێرخانەکانی وڵات، بەتەنیا ناتوانێت لەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئیمکانییەتی بەردەستی حکومەت ناتوانێت وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ هەموو پێداویسیتیەکان هەبێت، ئەوجا خۆ ئەگەر ئەو دەوڵەتە وەك کوردستان هاوکات لەگەڵ پرۆسەی بونیادنانەوە، هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتیش هەڵبگرێت، ئەوا ئەو کەموکورتیانەی کە لە کەمی ئیمکانییەتی بەردەستی حکومەت بە بەراورد بە پێداویستیە سەرەکیەکان دروست دەبێت، دەبێتە باشترین زەمینە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن جاڕی فەشەلی حکومڕانی بدات، هەربۆیە کە بە مێژووی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەچینەوە و لەگەڵ سەرکەوتنەکانی قۆناخی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە بەراوردی دەکەین، ئەوا ئەو مێژووە پێمان دەڵێت ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لەم پرۆسەیە سەرکەتوو بوون ژمارەیان هێجگار کەمە، ئەو چەند دەوڵەتەشی کە تارادەیەك وەك (کۆریای باشور، سەنگافورا، تایوان، چیلی) ئەمانەش نەیانتوانیوە لەیەك کاتدا هەردوو پرۆسەی بونیادنانەوە و پرۆسەی دیموکراتی پیادە بکەن، بەشێکی زۆری ئەو دەوڵەتانەشی کە نەیانتوانیوە لەگەڵ بارودۆخی هەستیاری قۆناخی ئینتیقالی بگونجێن یان ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە هەستیاری




ئەو قۆناخە لەبەر چاو بگرێت، ئەوا سەرەنجام پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کراوە بە قوربانی بەرژەوەندی حزبی ئەو حزبە سیاسیانەی کە نەیانتوانیووە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە رۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆیە ئەگەر لەم لایەنەوە چاوێك بە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا بگێڕین، هەست دەکەین لایەنێکی گرنگی پرۆسەی راگواستن یان پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە کراوە بە قوربانی بەرژەوەندی حزبی و هەندێك وڵات ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵە گێژاوێکی ئەوتۆی تیادروست بووە کە نەتوانراوە هەتا ئێستاش راستبکرێتەوە.

کەواتە قۆناخی راگواستن، بەهەردوو لایەنی قۆناخی بونیادنانەوە و بونیادی دیموکراسیەوە، ئەزموونێکی تازەیە لە مێژووی دیموکراتی لەسەرانسەری جیهاندا، لەهەموو جیهاندا هەتا ئێستا ئەزموونێکی سەرکەتووی ئەوتۆ نییە کە بتوانرێت بەو ئاستە ئاماژەی پێبکرێت و وەك نموونە باس بکرێت و بڵێین ئەمە نموونەیەکە کە توانراوە پێکەوە ئەم دوو پرۆسەیە سەربخرێت، بۆیە ئاماژەکردنمان بۆ ئەم لایەنە بۆ ئەوە نییە بڵێین کە پێویستە پرۆسەی دیموکراتی و پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانەکان لێکجیابکرێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بڵێین ئێستا هەلێك بۆ هەرێمی کوردستان رەخساوە بۆ ئەوەی مۆدێلێکی تازەتر لە مودێلی سەنگافورا و تایوان و کۆریای باشور پیشانی جیهان بدات و بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە دەتوانرێت هەم پرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخان و هەم پرۆسەی بونیادی دیموکراتی پێکەوە سەرکەتوو بن، ئێستا ئەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان کە هیچ لایەك بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە وەك پێویست لێی رازی نین و دەزانین بێ کەموکورتی نییە، بەڵام ئێستا لەسەر راسپاردەی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیك، کۆمەڵێك تۆژەری باڵا کە راوێژ بە حکومەتی ئەمریکی دەدەن، سەرقاڵی توێژینەوەیەکن بە ناونیشانی (کوردستان ٢٥ ساڵ دوای ئەنفال) پرۆفیسۆر مایکل نایت کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیە دەکات و هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی چەندین ناوچەی هەرێمی کوردستانی کردووە، لەنامەیەکی تایبەتدا بۆ گوڵانی نووسیوە، ئامانجمان لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە جیهانی رابگەیەنین، هەرێمی کوردستان لەسەر سوتماکی ئەنفال دوای ٢٥ ساڵ نموونەیەکی تازەی لە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە پیشانی جیهان دەدات، ئەم توێژینەوەیە وەك پرۆفیسۆر مایکل نایت پێی راگەیاندوین لە مانگی نیسان یان ئایاری داهاتوو بڵاو دەبێتەوە، کەواتە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە هەموو کەموکورتیەکانییەوە، ئێستا لەسەر ئاستی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و میدیاکانی جیهان وەك مۆدێلێکی نوێی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە سەیر دەکرێت، ئەم سەیرکردنەی جیهان بۆ مۆدێلی حکومڕانی کوردستان ئەرکی سەرشانی ئێمەی رۆژنامەنووسان



**ئەگەر پێناسەی تەقلیدی بۆ حکومڕانی باش بریتی بێت لەو حکومەتەی کە توانای دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی هەیە بۆ هاووڵاتیانی، ئەوا دەبێت ئەم پێناسەیە بگۆڕێت بە هاوشێوەی ئەو پێوەرانەی کە بانکی ئاسیا بۆ پەرەپێدان دیاری کردوون**

سووك ناكات، یان واشمان لێ ناكات رەخنە لە حكومەت نەگرین، بەڵكو ئـــەم تێڕوانینە دەبێت زیاتر هانمان بدات، كە توندتر و زبرتر رەخنە لەحكومەتەكەی خۆمان بگرین، بەڵام رەخنە بە ئاراستەی ئەوەی حكومەت كاراتر بێت و باشـــتر ببێتە توخمی سەرەكی حكومڕانی باش، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە حكومەت لەبەر رۆشنایی پێش مەرجی هاووڵاتیانی خۆی كارا بێت، نـــەك لەبەر رێنماییەكانی بانكی نێودەوڵەتـــی یان ســـندوقی دراوی نێودەوڵەتی، هەربۆیە ئەگەر پێناســـەی تەقلیدی بۆ حكومڕانی باش بریتـــی بێت لـــەو حكومەتەی كە توانـــای دابینكردنی پێداویستیە سەرەكیەكانی هەیە بۆ هاووڵاتیانی، ئەوا دەبێت ئەم پێناســـەیە بگۆڕێت بە هاوشێوەی ئەو پێوەرانەی كە بانكی ئاسیا بۆ پەرەپێدان (ADB) دیاری كردوون، بەوەی دەبێت وەك پێوەرێكی گشـــتی چوار فاكتەری سەرەكی بوونیان هەبێت لەوانە:(١- بەرپرسیاریەتی، ٢- بەشداری خەڵك، ٣- توانای مەزندە كردن، ٤- شەفافیەت)، لێرەوە ئەگەر ئەو پرســـیارە بكەین ئایا دەتوانین ئەو چوار خاڵە بكەینە پێوەرێك و حكومەتی هەرێمی كوردستانی لەسەر هەڵبسەنگێنین؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین بتوانین یان نەتوانین ئەم پێوەرە گشـــتیانە ناسنامەی حكومەتی كارا دیاری دەكات، بۆیە بەچەند خاڵێك لەسەر ئەم فاكتەرانە هەڵوەستە دەكەین:



١. بەرپرسیاریەتی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەرپرسانی گشتی بەرپرسیارن لە ڕەفتار و شێوازی هەڵسوڕانی حکومەت، بۆیە دەبێت بەرپرسیاربن و ئامادەبن پرسیاریان لێبکرێت و وەڵامبدەنەوە، ئەگەر لەم چوارچێوەیە حکومەتی کوردستان هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەبینین تەواوی ستافی حکومەت و سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان، خۆیان بە بەرپرسیار زانیووە لە شێوازی هەڵسوڕانی حکومەت و ئامادەبوون بچنە بەردەمی پەرلەمان و پرسیاریان لێبکرێت و وەڵامبدەنەوە.

٢. بەشداری خەڵك، بۆ ئەم لایەنە بانکی ئاسیا بۆ پەرەپێدان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنیا بەشداری خەڵك لە پرۆگرامەکانی پەرەپێدان بەس نییە، بەڵکو دەبێت خەڵك لەناو دڵی پرۆسەی پەرەپێدان بەشداری پێبکرێت واتە لە دارشتنی ستراتیژیەتی پەرەپێداندا، ئەو پێناسەیە لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەهەندێك لایەنی سلبی ئەم پرۆسەیە دەکات بەوەی کە زۆر دەبێتە هۆکاری ئەوەی بڕیارەکان دوابکەون یان کێشمەکێشی تیادروست بێت، یان خەرجیەکی زیاتر بوێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە وێڕای ئەم لایەنە سلبیانەش بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، بەشداری خەڵك هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتیە. لەم لایەنەدا لەوانەیە بەشداری پێکردنی خەڵك بەو شێوەیە فراوان نەبێت لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم ئەرکە دەبێتە ئەرکی ڕاستەوخۆی حزبەکان بە تایبەتی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی هانی خەڵك بدەن زیاتر لە بەرنامەکانی حکومەت نزیك بنەوە، نەوەك وەك ئێستا کە هانیان دەدەن دوور بکەونەوە.

٣. توانای مەزندە کردن، حکومەتی کارا دەبێت توانای مەزندەکردنی پێشوەختەی هەبێت، هەروەها ئەو مەزندانەی لە چوارچێوەی یاسا جیبەجێ بکات، ئەگەر لەم لایەنەوە سەیری مەزندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، هەست دەکەین لەماوەی کابینەی پێنجەم تا کابینەی حەوتەم کۆمەڵێك مەزندەی پێشوەختی هەبووە بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، وەك یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، زەمینە ڕەخساندن بۆ پێکەوە کارکردن، دابینکردنی سەرچاوەی داهات، هەموو ئەمانەشی لە چوارچێوەی یاسا و دەستووردا جێبەجێ کردووە.

٤. شەفافیەت، واتە دابینکردنی زانیاری بۆ خەڵکی ئاسایی، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی کە بەشدار دەبێت لە پرۆسەی پەرەپێدان بە زانیاری ڕاست چەکدار بێت، ئەم لایەنەی شەفافیەت کە پێدانی زانیاری دەگرێتەوە بۆ خەڵکی ئاسایی، تەنیا حکومەت ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو توخمانە دەگرێتەوە کە دەبنە بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی، بۆیە گرنگە میدیا و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش، لە پێناسەکردن بۆ زانیاری ڕاست بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن و گوشار بخەنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی زانیاری ڕاست بۆ خەڵکی ئاسایی دەستەبەر بکرێت، لەمەش گرنگتر زانیاری ڕاست بۆ پێکەوەکارلێك و پێکەوە کارکردنی توخمەکانی حکومڕانییە پێکەوە نەك لێکدابڕان و لەیەکتری کۆکردنەوە، ئەگەر کۆی پرۆسەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی شەفافیەت هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەبینین لەم بازنەیەدا هەموو توخمەکانی حکومڕانی پێویستیان بە بەخۆدا چوونەوە هەیە، لەبەر ئەوەی زانیاری ڕاست ئەوەیە کە هاوولاتی ئاسایی بۆ بەشداری لە پرۆسەی حکومڕانی هانبدات، نەك لەپرۆسەکە دووری بخاتەوە.

**ئەگەر کۆی پرۆسەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی شەفافیەت هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەبینین لەم بازنەیەدا هەموو توخمەکانی حکومڕانی پێویستیان بە بەخۆدا چوونەوە هەیە**




سیاسی
گوڵان

# رەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی شەراکەت و تەوافوق عێراق بەرەو کوێ دەبات؟




ە (٩٢١) ■ ٢٠١٣/٣/١٨ ١٧



د.مەحمود عوسمان بۆ گوڵان:

## بەیەک پێکهاتە ناتوانرێت نوێنەرایەتی هەموو عێراق بکرێت هەر یەکێک ئەمە بکات سەرناکەوێت و زیانی پێ دەگات



دیندار دۆسکی بۆ گوڵان:

## تێبینییەکی زۆر هەیە لەلایەن کوردو هەندێ لایەنی هاوپەیمانیی نیشتمانی و برایانی عەرەبی سوننە لە سەر ئەدای حکومەتی بەغدا و خودی مالکییەوە

تێپەڕاندنی بوودجە تەنیا رەهەندێکی ئابوورییانەی لەسەر هەرێمی کوردستان نییە؛ بەڵکو هەموو ئەو ماناو واتایانەی بۆ شەراکەت و تەوافوقی کە ئەمڕۆ عێراقی لەسەر بنیاتنراوە دەخاتە مەترسییەوە، تەنانەت ئەمە وەکو پەیامێکی مالیکی وابوو بۆ نەیارانی و هاوبەشانی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا بەوەی ئەو تاکڕەوانەو بەبەکارهێنانی چەکی زۆرینە هەموو پرەنسیپەکان و رێکەوتنەکانی پێشوو پێشێل دەکات، هەربۆیە لەهەلومەرجێکی وادا کە تاکڕەویی و تایفەگەریی زیانی بەپرەنسیپەکانی پێکەوەژیان و ئەزموونی دیموکراتی گەیاندووە، بەرادەیەك هەموو چاودێران لەسەر ئەوەکۆکن کە تادێت بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچێت و مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق هەیە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دژایەتی و زیانگەیاندنەی کە بەهاووڵاتیانی کوردستان دەگەیەنرێت، نوێنەرانی کورد لەپەرلەمان و حکومەتی عێراق بۆ گفتوگۆکردن و وەرگرتنی هەڵوێستێکی گونجاو بانگهێشتی کوردستان کرانەوەو ئێستاکە گفتوگۆکان بەردەوامی هەیە.

سەبارەت بە بارودۆخی ئەم دواییەو تێپەڕاندنی بوودجە بێ ئامادەبوون و رەزامەندی نوێنەرانی کورد دکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گۆڤاری گوڵان وتی ((تێپەڕاندنی بوودجە بەم شێوەیە مانای ئەو شەراکەت و ئەو تەوافوقییەی کە عیراقی لەسەر بنیادنراوە دەخاتە مەترسییەوە، ئەمەش شتێکی تازەیەو لەگەڵ ئەم پرەنسیپانە ناگونجێت، لەبەر ئەوە شێوەی تێپەڕاندنەکەی لای ئێمە پەسند نییە لە هەلومەرجی ئێستادا.

هەروەها ئەم شێوازی تێپەڕاندنەی پرۆژەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کورد پەیامێکی مالیکییەو هەوڵدانێکە تا بتوانن بە زۆرینە حوکم بکەن چونکە مالیکی و لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی ماوەیەکی زۆرە باسی ئەوە دەکەن کە حکومەتێکی زۆرینە هەبێت، ئەمە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ ئەوان کە دەرکەوت ئەمەیان پێکراوە، بەڵام رەنگە سووك و ئاسان نەبێت، چونکە مەسەلەی بوودجە جیاوازەو زۆر کەس دەنگی داوە بۆ بوودجەکەو مەرج نییە پشتگیریی لە مالیکی بکات، خۆی بڕگە هەبووە لە بوودجە پارە بۆ فلانە شوێن یان ناوچە بۆ تەرخان کراوە شتێکی سرووشتییە کە دەنگیان بۆ دابێت، بەڵام لەشتی دیکەدا پشتگیریی شتی دیکە ناکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر لەمەدا سەربکەوێت لە شتی دیکەدا سەرکەوتن ناهێنێت، مەسەلەی زۆرینەو کەمینەش بۆ نموونە لە هەرێمی

**تێپەڕاندنی بوودجە بەم شێوەیە، مانای ئەو شەراکەت و ئەو تەوافوقییەی کە عیراقی لەسەری بنیادنراوە دەخاتە مەترسییەوە**

کوردســـتاندا هەموویان کوردن و یەك میللەتن بەڵام لە بەغدا لەبەر ئەوەی ئەمە سوننەیەو ئەمە کوردەو ئەمە تورکمانەو ئەوە شیعەیە و پێکهاتەکان جیاوازن، بۆیە تۆ ناتوانیت بەیەك پێکهاتـــە ئەگەر زۆرینەش بێت بڵێیت دەتوانێـــت نوێنەرایەتیی هەموو عێراق بکات. هەربۆیە من پێم وایە هیچ حزبێك یان تایەفەیەك یان کەسـێك ناتوانێت بە تەنیا حوکم بکات، چونکە عیراقی ئێســـتا جیاوازە لە عێراقی پێشـــتر، هەتا سەدام حوسێنیش کە کە توانیبووی بە خوێن و بەکوشـــتن حوکم بکات، نەك بە شێوەیەکی ئاسایی، لەبەرئەوە هەر یەکێك ئەمە بکات ســـەرناکەوێت، بەڕای من زیانی پێ دەگات، بەڵام بە ڕێککەوتن ئەگەر ســـبەینێ هەڵبژاردنێکی دیکە کرا و حوکمی زۆرینە دروست بکەن و ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت، ئەوە شـــتێکی دیکەیە بەڵام بە زۆرو خۆسەپاندن، ئەمە مومکین نییە سەربگرێت.

مەســـەلەی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکەو ئەو سیاسەتە چەوتانەی کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە پیادە دەکرێت ڕەنگدانەوەی خراپی لەســـەر ئەدای حکومەتی بەغداو خودی مالیکی ســـەرۆك وەزیران دروستکردووە؛ دیندار دۆســـکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق باســـی لەنزمی ئەدای حکومەتی عێراقی و بانگهێشتکردنەوەیان بۆ ڕاوێژکردن کردەوەو لەلێدوانێکی تایبەتدا بەگۆڤاری گوڵانی وتی: لەڕاستیدا بارودۆخەکە هەرچەندە لەسەر تێپەڕاندنـــی بوودجەیە بەم شـــێوەیە کە بـــووە مایەی ناکۆکـــی نێـــوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی فیـــدراڵ، بەڵام خۆی تێبینیەکی زۆر هەیە لەلایەن کوردو هەندێ لایەنی هاوپەیمانیی نیشـــتمانی و برایانی عەرەبی ســـوننە لە ســـەر ئەدای حکومەتی بەغدا و خودی بەڕێز مالکییەوە، ئەویش ڕەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی شـــەراکەت و تەوافوق و هاوسەنگییە لە دامودەزگاکانی حکومەت بە تایبەتیش لە لایەن سەرۆك وەزیرانی عیراقەوە، بۆیە دەبینین ئەوە ماوەیەکە سوننەکان خەریکی خۆپیشاندانن و هەستدەکەن کە پەراوێزخراون، هەرچەندە لە بەرامبەردا ئەوانیش واتا حکومەتی بەغدا هەندێ تێبینییان هەیە لەســـەر هەرێمی کوردستان لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ چەند بڕگەیەکی دەستوور و تێگەیشـــتن لە ماددەکان وەکو یاسای نەوت و غاز، بەڵام لە مەســـەلەی بوودجە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئێمە بانگهێشـــت بکرێین بۆ ڕاوێژکردن، بۆیە تەوافوق لەبەرژەوەندیی کور و شیعەو سوننەدایە ئێمە پێویستمان بە وڵاتێکی سەقامگیرە لە ڕووی ئاساییش و پێکەوەژیان، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بڕوات بەڕێوە، ئەوا ئەســـتەمە بتوانین ژیانێکی سەقامگیرو بەختەوەر بۆ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دابین بکەین.

ســـەبارەت بەو هەوڵانـــەی کە دەدرێـــت بۆ ئەوەی بەدیالۆگ بتوانرێت چارەسەری ئەم بارودۆخە بکرێت، لەکاتێکدا لەبەرامبەردا هەوڵێکی دیکەش لەئارادایە کە بتوانن لە چوارچێوەی ئەم ئاڵۆزیانەدا یاســـای نەوت و غازیش بەهاوشـــێوەی یاســـای بوودجـــە بە زۆرینە تێپەڕێنرێت دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق وتی: هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە لە ئارادایە چ لەلایەن کورد و ئەمریکا و هێزو لایەنەکانی نێو شیعەو سوننە، چونکە عیراقی ئێستا لەسەر پرەنسیپی تەوافوقە، لە هەموو دنیاش ئـــەو وڵاتانی فرەنەتەوەن یان فرە ئایینن هەموویان لەســـەر پرەنســـیپی تەوافوق و شـــەراکەت کار دەکەن، دیموکراتییـــەت و زۆرینەی سیاســـی نییە، بۆ نموونە ئێستا برادەرانی هاوپەیمانیی شیعە ئەگەر بڵێن ئێمە زۆرینەین ئەوە ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە زۆرینەی سیاسیە، هەروەها کورد و سونە و



**ئەگەر بارودۆخەکەی عێراق هەر بەم شێوەیە بڕوات بەڕێوە، ئەوا ئەستەمە بتوانین ژیانێکی سەقامگیرو بەختەوەر بۆ تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دابین بکەین**

شـــیعە هەریەك لەناو پێکهاتەی خۆی زۆرینەیە، بەڵام ناکرێت بڵێن زۆرینەین لەعێراقدا، چونکەشـــیعەش لە هەرێمی کوردستان یان لە پارێزگاکانی سوونە دەنگیان نەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یاساو پرۆژەکان بەو شـــێوەیە تێپەڕێندرێت کە ڕەچـــاوی بەرژەوەندیی لایەنەکان نەکات، کە ئەمەش پێشـــێلکردنی پرەنسیبی تەوافوقە، بەڵام ئەوەی نەمانبینیوە تا ئێستا پیادەکردنی تەوافوقە لە بڕیارو هاوســـەنگییە لە ئیشـــوکارەکانی دامودەزگاکانی حکومەتدا کە خۆی حکومەت لەسەر ئەو پرەنسیپە دامەزراوە، کە ئێستاش پرۆژە یاسای دیکە هەیە وەکو یاسای نەوت وغاز کە ئێستا لە پەرلەماندایەو ئەگەر بەم شێوەیە تێپەڕێندرێت دیسان پێشێلکردنی ئەم پرەنســـیپانەیە کە حکومەتی لەسەر دامەزراوە، تەنانەت کوردو سوننەو ئەوانەی کە لە حکومەتیشدا شەریکن لە ئەدای ئەو حکومەتە ڕازی نین.



دکتۆر رۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:

# دەبێ بزانین ڕێگەچارەی ئاشتی ماوە یان نا
# ئەگەر نا دەبێت بیر لە هەڵوێستێکی دیکە بکەینەوە

*ئەو قۆناخەی ئێستا عێراقی پێیدا تێدەپەڕێت، قۆناخێکە دەرگای مەترسی لەسەر پێکەوە ژیان و یەکپارچەیی عیراق واڵاکردووەو خەریکە پرۆسەی سیاسیی عێراق رووبەڕووی هەڵدێر دەکاتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بودجەی ئەمساڵی عێراق بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردو بە دەنگی زۆرینە تێپەڕێنرا، لەکاتێکدا عێراقی نوێ لەسەر بنەمای تەوافوق و هاوبەشی تێکڕای لایەنەکان بونیادنراوە، بۆیە ئەم هەنگاوە مانای ئەوەیە نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەنگاوی پراکتیکی بۆ ئەوە هەڵدەگرێت تەنیا یەك پێکهاتە لە عێراقدا حکومڕانی بکات، کە ئەمەش قبووڵ نییە، هەر بۆیە دوای ئەم هەنگاوە، نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی عێراق گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەو پرسەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا ئەو کێشەیە بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر دەکرێت؟ یان ئەمجارەیان کورد ناچار دەبێت هەڵوێستێکی دیکە وەربگرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە سەردانی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوێس جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقمان کردو لە دیدارێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:*

*** هەموومان چاوەڕێی ئەوە بووین کە تەنگژەو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا خاو ببێتەوە،بەڵام دەبینین بودجەی گشتیی عیراق بێ بەشداریی کورد تێپەڕێنرا،بەڕێزتان ئەم بارودۆخە چۆن دەخوێننەوەو عیراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- راستە پێش ئەوەی ئەمەش ڕوو بدات، ئەوە تەنیا هەڵوێستێك نییە کە بەهۆیەوە هەندێ دەلالاتی لەسەر ببینرێت، لەراستیدا پێش ئەوەش ماوەیەکی زۆربوو کە پێوەندیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕی، زۆر لەو خاڵانەی کە لە رێکەوتننامەی هەولێردا هەبوون، بە تەواوەتی یان بەشێکی زۆریشیان جێبەجێ نەکران، لە ماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییدا وردە وردە پێوەندییەکان گەیشتنە رادەیەك، کە بۆنی بە هێزی دوورکەوتنەوەی لە یەکدی لێدەهات، بۆیە هەوڵێکی تایبەتی دراو لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بیر لەوە کرایەوە کە پێویستە هەنگاوی وا بهاوێژرێت کە بارودۆخەکە ئەهوەن بکرێتەوەو ئەو هاوپەیمانێتییەی کە بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم حکومەتە، ئەگەر مابێت و ئومێدی ژیانەوەی تێدا مابێت،هەوڵ بدرێت ببووژێنرێتەوەو گیروگرفتەکان چارەسەر بکرێن، بۆیە لە میانی ئەوەدا بیر لەوە دەکرایەوە کە کاك نێچیرڤانیش سەرێك لە بەغدا بدات، جا سەردانەکەی ئەگەر بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ یان موجامەلە بێت، بیرێکی جدی لەوە دەکرایەوە، تەنانەت کاتی دیاریکراوی بۆ دانرابوو، لەملاوە سەیر دەکەین کە هەوڵی چرپرێ ئەوە دەدرا،بە داخەوە لەو بارودۆخەدا بابەتی بودجە هاتەپێشەوە، ئەم بودجەیەش هەرچەندە ماوەیەکی زۆر ئیشی لەسەرکرابوو چ لە وەزارەتی دارایی لە رێگای گفتوگۆوە لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان چ لەناو ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵدا لە بەغدا هێنرایە ئاستێك تا رادەیەك لە بودجەی پارو پێرار و بەسرپێرار دەچوو، بەڵام بە پێی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پێویستی کرد ئەم بودجەیە چەند هەنگاوی دیکە بەرەو پێشەوە بچێت، لەوانە بۆ نموونە: بە روون و ئاشکرایی بیر لەوە بکرێتەوە، ئەگەر داوای ئەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان نەوت بەرهەم بێنێت و نەوتەکە بنێردرێتە دەرەوە، پارەکەی چەندەو چۆن بچێتە خەزێنەی عیراق و پێویستیشە خەرجیی کۆمپانیاکانی لێ بدرێت، دووەم ئەمەیان لەوەش گرنگترە، ئەگەر هاوپەیمانەکانمان ماددەی ١٤٠ بە ماددەیەکی بنەڕەتی دەزانن و باوەڕو قەناعەتیان بەوە هەیە کە جێبەجێ بکرێت و کێشەکانی عیراق تارادەیەك لەو رێگەیەوە چارەسەر بکرێن، پێویستە بودجەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت، مەسەلەی پێشمەرگە کە ماوەیەکی زۆرە هەموو ساڵێك لە بودجەدا دادەبەزێت، ئەمساڵیش بە هەمان کلێشەوە، گەیشتوونەتە ئەو رادەیە هەر بەو کلێشەیە داببەزێت و هیچ شتێکی کۆنکریتی لەدوا نەبێت، چی دەکرێت یان چی ناکرێت، یان هەنگاوێك نەهاوێژرێت بەو ئاراستەیەی بودجەیەکی بۆ تەرخان بکرێت، ئەمانە هەموویان دەبنە کۆسپ و رێگر لە بەردەم چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی جارێك لەبەینی هەرێم و بەغدا هەیەو جارێکیش لە نێوان هاوپەیمانیی نیشتمانی و هاوپەیمانیی کوردستانی و عیراقیەشدا هەیە، ئەمە تەنگژەکە ئاڵۆزتردەکات، هەروەها دەرگای چارەسەر ئەگەر هەبێت، نەك نایکاتەوە بەڵکو داشیدەخات، جگە لەمانەش لە پەرلەماندا پاش ئەوەی گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر کردو لە لیژنەکاندا بەشداریمان کرد، هەوڵێکی زۆریش درا بە تایبەتیش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێشنیار لە دوای پێشنیار خرایەڕوو، بواری نەهێشتەوە کە نەچێتە پێشەوە، بەرامبەر وەزارەتی نەوتی بەغدا، یان بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ، کەچی لایەنی بەرامبەر، بە تایبەتی هاوپەیمانی نیشتمانی کە هەموو حزبە شیعیەکانی تێدایە، هەڵوێستیان یەك بوو و بەو شێوەیە نەدەهاتنە پێشەوە کە هەرێمی کوردستانی پێ رازی بکەن، یان بە شێوەیەك بێنە پێشەوە کە ئەم گیروگرفتانە چارەسەربکەن، بەوەش وازیان نەهێنا، بەڵکو چوونە ژوورەوە و بەیەك لایەنانەو بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکەن کە هەموو نوێنەرانی کورد بەیەك دەنگ هەڵوێستێکیان هەیە، بێ ئەوەی رەچاوکردنی هەڵوێستی گەلی کوردستان بکەن، یەك لایەنە بڕیاری ئەم بودجەیەیان وەرگرت، ئێستا من لەوەدا نیم موناقەشەی ئەم بودجەیە بکەم، چەند باشە یان چەند خراپە، بەڵام دوو شتی تێدایە کە دەتوانم بڵێم وەکو بودجە کەموکوڕیی تێدایە، یەکەم مەسەلەی ماددەی ١٤٠ و پێشمەرگەو مەسەلەی بەرهەم هێنان و فرۆشتنی نەوت، کە خێرەکەی بۆ هەموو عیراق دەگەڕێتەوە، خراپترەکەش ئەوەیە کە یەك لایەنانە ئەم بڕیارە وەرگیراوە، ئەمە سابیقەیەکە کە بە بڕوای من لە گیانی دەستووری و هاوپەیمانێتی و شەراکەت و تەوافوق بەدوورە، و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو بێ متمانەییەی هەیە زیاتر ببێت،لە چارەسەرکردنی کێشەکان دوورکەوینەوەو گرفتەکان زیاتر بێت، جا ئێمە لەو بارودۆخەداین کە دروست بووە، ئەمە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە، کورد دەبێت هەڵوێستی قایم و راستی هەبێت، کە پێشبینی ئەنجامەکانی بکات و پێویستە لەسەر هەموو لایەنە کوردستانییەکان، بە تایبەتی نوێنەرانی کورد لە بەغدا، لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد و لەگەڵ سەرکردایەتیی

**زۆر لەو خاڵانەی کە لە رێکەوتننامەی هەولێردا هەبوون، بە تەواوەتی یان بەشێکی زۆریشیان جێبەجێ نەکران، تا وردە وردە پێوەندییەکان گەیشتنە رادەیەک، کە بۆنی بەهێزی دوورکەوتنەوە لە یەکدی لێهات**

**ئەگەر هاوپەیمانەکانمان ماددەی ١٤٠ بە ماددەیەکی بنەڕەتی دەزانن و باوەڕو قەناعەتیان بەوە هەیە کە جێبەجێ بکرێت و کێشەکانی عیراق تارادەیەک لەو رێگەیەوە چارەسەر بکرێن، پێویستە بودجەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت**



**کورد دەبێت هەڵوێستی قایم و راستی هەبێت، پێویستە لەسەر هەموو لایەنە کوردستانییەکان، بە تایبەتی نوێنەرانی کورد لە بەغدا، لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و حزبەکانی دیکەدا کۆببنەوە بە قووڵی لەم بابەتە رێوشوێن بۆ چارەسەر دابنێن**

هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و حزبەکانی دیکەدا کۆببنەوە، بە قووڵی لەم بابەتە رێوشوێن بۆ چارەسەرێك دابنێن، ئەگەر رێگای چارەسەر هێشتا ماوە، یان دەست نیشانکردنی ئەوەی کە کورد لەم بارودۆخەدا چ هەڵوێستێکی هەبێت.

*** دوای ئەو گۆڕانکارییانە نوێنەرانی کورد لە حکومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشهاتانە بکەن، ئایا ئەو رێوشوێنانە چین کە لە کۆبوونەوەکەدا باسکراون، بۆئەوەی لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا مامەڵە بکەین؟**

- لە راستیدا ئەوەبوو وەك بۆم باس کردی، لەکۆتایی وەڵامی پرسیارەکەی یەکەمت، نوێنەرانی کورد لە بەغدا بانگهێشت کراون لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا کۆبووینەتەوە، کە نوێنەری هەموو لایەن و حزبە کوردستانیەکانن لە بەغدا، لە ئەنجامی تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، ئەوهەنگاوەی هاوپەیمانیی نیشتمانی هاویشتوویەتی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە نوێنەرانی کورد لە هەرێم بمێننەوە، زیاتر بۆ هاویشتنی هەنگاوی پێویست و وەرگرتنی هەڵوێستی گرنگ راوێژ بکەن، ئەم هەڵوێستەش دەبێت زۆر قووڵ بێت و لایەنەکانی لێك بدرێتەوە، پێش هەموو شتێك رەچاوی بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانی تێدا بکرێت، ئەگەر دەرگایەك هەیە بۆ چارەسەر سڵ نەکەینەوە، ئەگەرنا بیر لە چارەسەری دیکە بکەینەوە، ناتوانم بڵێم بڕیاری چیمان داوە یان بڕیاری چیمان نەداوە، پرۆسەکە هێشتا لە دیراسەکردندایە.

*** هەندێ قسەو باس دەکرێت کە پێیان وایە ئەگەر چاو نەخشێنرێتەوە بە بودجە بەو شێوەیەی کورد داوای دەکات،ئەوا نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە حکومەت و پەرلەمان دەکشێنەوە، ئایا ئەو پێشنیازە بوونی هەیە، ئەگەر هەیە ئەمە چارەسەری کێشەکان دەکات؟**

- پێشنیارەکان زۆرن، رەنگە ئەمە یەکێکیان بێت لە پێشنیارەکان یان لە ئەگەرەکان، منیش قەناعەتم وایە دەبێ حکومەتی فیدراڵی بەغدا یان هاوپەیمانی نیشتمانی بە پلەی یەکەم، چاو بە هەڵوێستی خۆیدا بخشێنێتەوە، بە تایبەتی بەرامبەر ئەو سێ خاڵەی کە باسم کردن، چ بەرامبەر ئەو بودجەیەی بۆ پێشمەرگە دەست نیشان دەکرێت، چ بەرامبەر بودجەی ماددەی ١٤٠کە چۆن زیاتر کارا بکرێت و هەنگاوی دیکە دەبێ چی بێت، سێیەمیش بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت، خۆی رێککەوتنە، کە نەوت بەرهەم بهێنرێت و بفرۆشرێت و پارەکەی بچێتە خەزێنەی عیراقی بە پێی ئەو رێژەیەی لەسەری رێککەوتن کراوە، دابەش بکرێتەوە، بۆ بەرهەمهێنانی نەوتیش دەبێ مەسرەف بکەیت، ئەو مەسرەفەی کە ئێستا دەست نیشان کراوە،



یەکەم نازانرێت ســـەرفی دەکەن یـــان نا، چونکە دیار نییە، دووەم ئەو مەسرەفەی کە دانراوە ئەگەر سەرفیش بکرێت، ئەویش بەش ناکات، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی فیدراڵ ئەگەر مەقسەدی هەبێ هەروەها هاوپەیمانیی نیشـــتمانی بیانەوێت هاوپەیمانێتییەکە بەردەوام بێت و دەرگای پێکەوەکارکـــردن دانەخرێت، دەبێ چاو بەمەدا بخشێننەوە ئەمە یەکێکە لە هەنگاوەکان.

*** هەمیشە دووپات لەوە دەکەینەوە کە هاوپەیمانیی نیشـــتمانی بەتایبەتی دەوڵەتی یاســـا کە دەسەڵاتی عیراقی بەدەســـتەوەیە،بەتایبەتتر سەرۆك وەزیران دەبێ چاو بە هەڵسوکەوتەکانیدا بخشێنێتەوە بەرامبەر کوردو بەڕێوەبردنی عیراق، بەڵام ئەو هەر ســـوورە لەسەر ئەو شێوازەی کەخۆی بەڕێوەی دەبات،ئاییندەی ئەمە چۆن دەبینن ؟**

- دوو رێگا هەیە،یان حکومەتی عیراق بەو شێوەیە دەبرێت بەڕێوە کە لە رێکەوتننامەی هەولێر لەســـەری رێککەوتوون(تەوا فوق، شەراکەت،هاوســـەنگی )ئەمە جەوهەری رێکەوتننامەکـــەی هەولێرە، جەوهەرەکەی ئەوە نەبووە فڵان دەبێ پۆســـتی ســـەرۆك کۆمار یان فڵان پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران وەربگرێـــت، ئەمە میکانیزمە، بەڵام جەوهەری بەرنامەکەی کارکردنە بە شـــەراکەت،بڕیار وەرگرتنە بە تەوا فوق و دروستکردنی هاوسەنگییەکی دەستوورییە کەهیچ نەبێ نوێنەرایەتی دادپەروەریانەی هەموو پێکهاتەکان و دامودەزگاکانی فیـــدراڵ بکرێت،دەبێ بەو روحییەتە کاربکرێت،ســـەر رێکەوتننامەکانی پێشـــوو کار بکەین، یان ئەگەر ئەوە نەکرێت سەرئەنجام دەبێت لەیەکتر جیابینەوە.

*** پێشتر وا باس دەکرا کە شێوازی خۆسەپاندن تەنیا لەلایەن باڵێکی نێو هاوپەیمانیی نیشـــتمانی دەکرێت ئەویش حزبی دەعوەو دەوڵەتی یاسایە،بەڵام لە تێپەڕاندنی بودجەدا دەرکەوت کە هاوپەیمانیی نیشتمانی هەمووی بەشدارە، ئایا ئەم هەڵوێستە تاچەند کاریگەریی دەبێت بۆ سەر هاوپەیمانێتیی کوردو شیعە؟**

- راســـتە ئەمە هەڵوێســـتی هەموو هاوپەیمانیی نیشـــتمانییە، هەڵوێســـتی هەموو حزبە شیعەکانن کە لـــە پەرلەمانی عیراقن، وەك وتم ئەمە ســـابیقەیەکی مەترســـیدارە، پێویســـتە زۆر بە قووڵـــی لێکبدرێتەوە بۆچی گەیشـــتۆتە ئـــەو قۆناغە، بۆچی شـــیعەکان هەموویان لەم بارەیەوە ئەو هەڵوێستەیان هەبووە، ئەگەر ئەم هەڵوێســـتە بۆ دوژمنایەتی کورد بێ، ئەوا کورد دەبێ جارێکی دیکە بە هەموو هاوکێشەکاندا بچێتەوە، هیوادارم هەموو برا شـــیعەکان ئەو هەڵوێســـتەیان بۆ دوژمنایەتی کـــورد وەرنەگرتبێ، یـــان بە هەڵە لێی تێگەیشـــتبن یان راوبۆچوونێکی دیکە هەبێ، ئەگەر وا نەبێ بارودۆخەکە لەوە مەترســـیدارترە کە تەسەوری دەکەین.

**حکومەتی عیراق بەو شێوەیە دەبرێت بەڕێوە کە لە رێکەوتننامەی هەولێر لەسەری رێککەوتون (تەوافوق، شەراکەت، هاوسەنگی) ئەمە جەوهەری رێکەوتننامەکەی هەولێرە**

***جگە لە هاوپەیمانێتیی نیشتمانی کە بەگشتی چوونە نێو ئەو بەرەیە بۆ تێپەڕاندنی بودجە لە دژی کورد، لە ئێستادا بەشێك لە لایەنی دیکەی عەرەب چوونە ناو ئەو بەرەیەوە،بە تایبەتیش لیستی عیراقیە لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەیەکەوە چارەسەری ئەو بارودۆخە بکەن، کەچی ئەوان چوونە نێو بەرەیەك لە دژایەتیی کورد؟**

- من زۆر بەراشکاوی دەڵێم، جارێ لیستی عیراقیە هەمووی نەچۆتە نێو ئەو بەرەیەوە، وەکو زۆرینەی لیستی عیراقیە تا ماوەیەکی زۆریش لەگەڵ ئێئتلافی کوتلە کوردستانییەکاندا بوون، تاکو دوای دوو ڕۆژ کە بە دوو قۆناغ نیصاب دروست بوو، بودجەیان بە دوو قۆناغ تێپەڕاند، لیستی عیراقیە ئاشکرایە کە یەك دەنگ و یەك هەڵوێست نین، هەندێکیان بەشدار دەبن لە حکومەت یان ئیش بکەن، بەشێکیان بچن لەگەڵ هاوپەیمانیی نیشتمانی دەنگ بدەن، یان بەشێکیشیان نەچن.

*** عیراق لە دوای ٢٠٠٣ لەسەر ئەو سێ بنەمایە پێکهێنرا، بەڵام ئەوەی ئەمجارە بینیمان بە پێچەوانە یان ڕەچاونەکردنی ئەو بنەمایانە بوو، لەسەر ئەوەیان ئاییندەی عیراق چۆن دەبینن؟**

- ئەگەر ئەو سێ بنەمایە لە عیراقدا نەمێنن، دەبێتە عیراقێکی پڕ لە گیروگرفت، هاووڵاتیانیش لە باشوورەوە تا کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا ناحەسێنەوە، بۆیە دەبێت حزبە عیراقییەکان و حزبە کوردستانییەکان، هەموو ئەوانەی هەست بە لێپرسینەوە دەکەن، هەوڵی جدی بدەن بۆ چەسپاندنەوەی ئەم سێ بنەمایانە، بۆ ئەوەی عیراقێکی ئاسوودەو دیموکراتی و سیستەمێکی سەرکەوتوو هەبێت.



د. رۆژ نوری شاوێس و پەیامنێری گوڵان

**ئەم پرۆسەیە ئومێدی تێدایە، بەوە بەهێزتر دەکرێت، پێش هەموو شتێک ئێمەی کورد ریزەکانی ناوخۆمان یەک بخەین و یەک هەڵوێست بین، لە بەغدا یەک هەڵوێست بین**

بەشدار نابن، هەندێکیان ئەم هەڵوێستە وەردەگرن، لیستی عیراقیە لە چەند کوتلەیەك پێکهاتووە، لە زۆرشتدا تا ئێستا توانراوە جیاوازییەکی زۆر بخرێتە بەینیانەوە، کە هەر یەکەی بە ئاڕاستەیەك ئیش بکات،ئەم جارە دوو کۆمەڵە لە عیراقیە، لەم هەڵوێستە بەشدارییان کرد، بەبڕوای من ئەوانیش کەڵك لەم هەڵوێستە وەرناگرن، بە پێچەوانەوە هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەرەو سووربوون لەسەر جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکان، مکوڕبوون لەسەر ئەو سێ خاڵە میحوەریەی باسم کردن، شەراکەتێکی راستەقینە، تەوافوق، هاوسەنگیی، ئەوە ئەنجامی باشتری دەبێ بۆ ئەوان لە باتی ئەوەی بەشێکیان بچن لەگەڵ حکومەتدا

*** ئاشکرایە کە کێشەکانی عیراق بە زمانی دیالۆگ لە چوارچێوەی پرۆسە سیاسیەکەی چارەسەر ناکرێت،هەست دەکرێت کە رۆڵی ئەمریکا هەر بوونی نییە، ئایا بە بێ ناوبژیوانێکی دادپەروەرکێشەکانی عیراق چارەسەر دەکرێت؟**

- من پێموایە لە کێشەی وا قورسدا، هەرچەندە کێشەکە ناوخۆییە، ئەگەر ناوبژیوانێکیش نەبێ باشترە چاودێرێکی نێودەوڵەتی هەبێت، ڕەنگە کەڵکی هەبێت، دەبێ ئەو چاودێرە بەهێز بێت، دووەم لەگەڵ کێشەکە راستگۆبێت، ئەو هەڵوێستەی هەبێت کە هەڵەیە بڵێ تۆ لاتداوە، واتا هەندێ شت ڕەچاونەکات وەك بەرژەوەندیی



وڵاتەکەی خۆی بخاتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی دیکە، بۆ نموونە بڵێ بەرژەوەندیم لەوەدایە لەگەڵ دەسەڵاتداردا بەینم باش بێ نەك لەگەڵ ئەوانەی کە کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتداردا هەیە، بۆیە دەبێ ئەو چاودێرە لە حوکمداندا بە جورئەت و راستگۆ بێت، دوو یان سێ لایەن ئەمڕۆ لە جیهاندا هەن کە شیاوبن بۆ بینینی رۆڵی چاودێری، من هێشتا پێموایە ئەگەر هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆك بن ئەمەریکاو یەکێتیی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرێکی خراپ نەبن، بەپێی زانیاریی من کورد مەیلداری ئەوەیە چاودێرهەبێت، کە پێشنیاری وا هاتبێتە پێشەوە کورد بەرهەڵست و ناحەزی ئەمە نەبووە کە چاودێرهەبێت،بەڵام لایەنی بەرامبەر تا ئێستا چاودێری نەویستووە.

*** بەڕێزتان کە بەردەوام نوێنەرایەتی کورد دەکەن ئایا پرۆسەی حوکمڕانی بە شەراکەت لە عیراق نووزەیەك ئومێدی تێدا دەبینیتەوە؟**

- ئەم پرۆسەیە ئومێدی تێدایە،بەوە بەهێزتر دەکرێت پێش هەموو شتێك ئێمەی کورد ریزەکانی ناوخۆمان یەك بخەین و یەك هەڵوێست بین، بە تایبەت لە بەغدا هەموومان یەك هەڵوێست بین، ئێستا کورد لە بەغدا بلۆکێکی بە هێزەو دەڵێت ئەمەم دەوێت و ئەمەم ناوێت، جا بۆ ئەوەی ئەم یەك هەڵوێستییە بمێنێتەوەو پتەوتریشی بکەین پێویستە هەوڵێکی جدی بدەین بە قەناعەتەوە هەموو لایەکمان ئەوەی مومکینە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، ئەوەیشی مومکین نییە بە روحییەتێکی نەرمەوە و بە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان دوای بخەین بۆ کاتێکی گونجاو، ئەمە یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکان کە تۆ بتەوێت کاریگەرییەکی راستەوخۆت هەبێت لەسەر ئەو پرۆسەیەی کە لە عیراقدا هەیەو هەوڵ بدەیت بارەکەی راست بکەیتەوەو چاکی بکەیتەوە،بۆیە ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی خۆمان رەنگە کاریگەریی هەبێت لە سەر کوتلەکانی دیکە بۆ نموونە لەسەر عیراقیە پاڵیان پێوە بنێ ئەوانیش یەکڕیز و یەکهەڵوێست بن،بەو ئاڕاستەیەش کە لایەنی بەرامبەر دەبینێت ئەوانەی کە داواکارییان هەیەو تەئکید لەسەر شەراکەت و تەوافوق دەکەن و تەئکید دەکەن حوکمی عیراق دەبێ لەلایەن هەر سێ پێکهاتەوە بێ،ئەوانیش جارێکی دیکە پاڵیان پێوە دەنرێت لە رێگەی ئەو یەکهەڵوێستییە بە خۆیاندا بچنەوەو بیرێك لە هەڵوێستی خۆیان بکەنەوە کە بە تەئکید ئەگەر بیر لە عیراقیش نەکەنەوە ئەوا بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە، وەکو حزب و پێکهاتەو بزووتنەوەی جیا جیا.

سایکۆپۆلیتیک

# ئایا دەستوور چارەسەرە بۆ بەرگرتن لە دیکتاتۆریەت؟



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕەنگە باسکردنی دەستوور لە بابەتێکی وەک سایکۆپۆلیتیك، جێگەی سەرنج بێت. دەبێ لەکوێوە بتوانین پێوەندییەک لە نێوان سایکۆپۆلیتیك و دەستووردا بدۆزینەوە؟ هەڵبەتە کاتێك ئەم پرسیارە دەکەین، هەرگیز مەبەستمان لەم بۆچوونەماندا ئەو دەستوورە نییە کە لە دوو توێی کتێبێکدا دانراوە یان نووسراوەتەوە، نەخێر دەستوور لەم پرسیارەی ئێمەدا ئەو دەستوورەیە کە هێشتا وا لە ناخی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی گەر ئازادانە بێ یان ناچارەکییانە بێ، دەیانەوێت پێکەوە بژین. ڕەنگە کەسێک بپرسێت و ببێژێت، دەستوور چۆن لە ناخی مرۆڤدایە؟ ئێمە هەر بەو کتێبە دەڵێین دەستوور کە کۆمەڵێک مادەو بڕگەو خاڵی تێدا کۆکراوەتەوەو دەکرێتە بناغەی دانانی یاساو ڕێسای ئەو مرۆڤگەلەی بڕیاریانداوە پێکەوە بژین. ئێمەش دەڵێین: ئەی مرۆڤ نابێت ئەوە ببینێت کە ئەو دەستوورە خۆی دایناوە؟! دەستوور لە کوێوە هەڵدەقوڵێت؟ گرنگترین سەرچاوەی هەڵقوڵانی دەستوور، ئەزموونی مرۆڤ خۆیەتی. ئەگەر لە مێژووی دامەزراندنی دەستووری هەر وڵاتێک بکۆڵرێتەوە، دەبینی ئەزموونی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە، بڕگە، مادەو خاڵەکانی ماوە بەماوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەزموون هەر وەک مرۆڤ دروست دەکات، بیرکردنەوەو بەرهەمەکانیشی دیاریدەکات، ئەزموون هەروەک دنیابینی مرۆڤ دەگۆڕێت، دنیابینیشی بۆ دروست دەکاتەوە، ئەزموونیش بەکاریگەری پەروەردەو کەلتوورو نەریت و خوو دنە دەدرێت. کەواتە کاتێ مرۆڤ بە ئەزموونێکی تایبەت ڕەنگ کرابێت و بیەوێت بیربکاتەوە، ئەو بیرکردنەوەیەی لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێت، پاشان ئەو دەربڕینە دەنووسێتەوە، مانای وایە ئەوەی لەناخیایە دەیخاتە سەر کاغەز و دەیکاتە کتێبێک کە ناوی دەستووری لێدەنێت و دەبێتە بناغەیەک بۆ یاسادانان. کەواتە نووسینەوەی دەستووریش بەهەمان پرۆسەدا تێپەڕ دەکات کە ئەو مرۆڤانە خوازیارین، خواستیانە، تەمادارین و بەرژەوەندی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. هەر لێرەدایە کە دەڵێن دەستوور دەسەڵاتدار دەینووسێتەوە و بەرژەوەندیی خۆی تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەروا بووە، زۆر کەمن ئەو مرۆڤانەی کە لە کاتی نووسینەوەی دەستوور، مافی کەسانیتر ڕەچاو دەکەن، مەگەر ئەو مرۆڤانە نەبێت وەک لە بابەتی پێشوودا وتمان دەبێت بە دوو هوشیاربوونەوەدا تێپەڕیبن: ناسینەوەی مافی خۆی و ناسینەوەی ئەرکی خۆی واتە ناسینەوەی مافی کەسانیتر کە لەگەڵیدا دەژین. ئێمە لێرەدا دیسانەوە گەشتینەوە بە سیاسەت و ستراتیژ کە لەبەشەکانی پێشەوەدا تیشکمان خستە سەر. چونکی ئێمە وتمان کە هەر مرۆڤێک و هەر کۆمەڵێک ستراتیژی تایبەتی خۆی هەیە و بەستراوەتەوە بەو دۆخە دەروونییەی لە ناخیدا پێکهاتووەو هەنگاو بەهەنگاو دەیەوێت بگاتە ئامانج و مەبەست و مەرامی خۆی، بۆیە کاتێ کە

دەستوورێک دادەنیت، لەو نێوەندی ئەو دەستوورەدا ئەو ستراتیژەی خۆی دابین دەکات.

با بگەڕێینەوە لای پرسیاری سەرەکی خۆمان: ئایا دەستوور دەتوانێت لەم عیراقەدا بەر بە دکتاتۆر بگرێت؟ لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر ئەوە دەبیستینەوە کە دەستوور و جێبەجێکردنی دەستوور، عیراق لە خلیسکان و لادان و گەڕەلاوژێ و دیکتاتۆربوون دەپارێزێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ دەستووری عیراق گاڵۆکێکی سیحری بێت، وا کتوپڕ کۆمەڵگەی عیراق لەو هەموو قەیرانە دەربێنێت؟ لەم پرسیارەوە دەتوانین ئیدی بەرەو ئەوە بچین کە ئاخۆ سایکۆپۆلیتیك یاریدەدەر بێت تا بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. ئێمە لەسەرەوە ئەوەمان ڕوون کردەوە کە دەستوور پێش ئەوەی بێتە سەر کاغەز و لە دوو توێی کتێبێکدا بێت، وا لە ناخی ئەو مرۆڤانەی کە دەیانەوێ دەستوورێک بۆ خۆیان دانێن، واتە ئەو ئەزموونەی ئەو مرۆڤانە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە، ئەوە، ئەو دەستوورەیان پێدەنووسێتەوە، بۆیە خوێندنەوەی ئەو ناخە لێرەدا گرنگە تا بزانین دەستوور بە چ بارێکدا دەکەوێت. تۆ بڕوانە دەستووری عیراق چەندین ئەزموونی جیاواز کاری تێدا کردووە کە سەرەکیترینیان ئەو سێ ئەزموونەیە کە کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، شیعە وەک مەزهەبێکی سەربەخۆ و سوننەش وەک مەزهەبێکی سەربەخۆ ئەزموونی خۆیانیان تێدا نەخشاندووە. بەمانایەکی دی، هەر یەک لەو مرۆڤگەلە، ستراتیژی خۆی لەڕێگەی نووسینەوەی ئەو دەستوورەدا بەدیدەهێنێت، بۆیە هەر یەکەو مەرامی خۆی لەپشتی ئەو مادەو بڕگانە بەجۆرێک شاردۆتەوە، کە بە جۆرە وتەیەک لە وشەکاندا دایدەنێت، تا لە کاتی خۆیدا کە پێویستی پێی بێت، بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت، بەو شێوازە لێکی بداتەوە. وای دەبینم کە هەر خاڵێک کە بەتەوافوق دانراوە، بۆ خۆی بۆمبێکی کاتییە و لە کاتی خۆیدا هەر یەک لەو گرووپانە دەیتەقێننەوە، بەڵام بەناوی دەستوورەوە ئەو تەقینەوەیە ئەنجام دەدەن، تا شەرعیەت بە خۆیان بدەن. ئایا دەستوورێک لەم چەشنە داڕێژرابێت، دەشێت ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئاشتی؟ ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەو دەستوورە بە چ پەلەپرۆزێک نووسراوەتەوە، بە چ خەیاڵ و ئەندێشەیەک لێکدراوەتەوەو هەر بە زۆری زۆردارەکی لەسەری ڕێککەوتوون تا زوو بگەنە دەسەڵات و کورسی حوکم بگرنە دەست. کەواتە پەلەکردن لە دەستوورێک و ئەزموونی چەندین ساڵەی کەلتووری دکتاتۆری؛ جا چ کەلتووری حوکم کردن بووبێت و چ کەلتووری ڕۆژهەڵاتی لە پەروەردەکردندا بووبێت، نیاز خراپی لە کاتی نووسینەوەی ئەو دەستوورە و ترس و بێمتمانەیی لە نێوان ئەو بەرانەی کە پێکەوە لەسەر دەستوورەکە ڕێک دەکەون، فرسەت هێنان لە خاڵی لاوازی یەکتر و نەبوونی حەکیمێک کە پرسی پێبکرێت تا هەموو لە ئاستیدا یەک دەنگ بن، لەبەرئەوەی ئەو حەکیمە لەو گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە تێدەگات و بە یەکچاو لە هەمووان دەڕوانێت. ئیدی بێگومانە کە دەستووری لەم چەشنەو دەروونی لەم شێوەیەو سیاسەتی بەو ئاڕاستەیە، هیچ دەستوورێک بە هانایەوە نایێت، مەگەر خودا خۆی فریایان بکەوێت.

گومان لەوەدا نییە؛ دەستوور بایەخ و گرنگی بۆ مرۆڤ کۆتایی نایەت. بەڵام قسە لێرەدا تەنیا هەر دەستووری نووسراو نییە، بەڵکو ئەو دەستوورە دەروونیەش دەگرێتەوە کە مرۆڤ پێش نووسینیش دەبێت هەیبێت، هەر وەک لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە. واتە ئەو دەستوورەی لە زەییندا ئامادەیە، هەر ئەوەیە دەخرێتە سەر پەڕەی سپی. بە کورتیەکەی مرۆڤ ئەو ڕەنگە دەداتەوە کە لە ناخیدا هەڵیگرتووە، ئەگەر ئەو ناخانە، هەڵگری هوشیاری یەکەم و هوشیاری دووەم نەبووبێتن، چ دەستوورێک دەنووسێتەوەو چ مامەڵەیەک لە گەڵ یەکدیدا دەکەن؟! بۆیە دەڵێم ئەم دەستوورەی هەنووکە ڕەنگدانەوەی ئەو دەروون و ناخە شپرزەیە، کە کاتی خۆی دانراوە، بۆ ئەوەی دەستوورێکی پتەو، گونجاو، دروست بنووسرێتەوە، دەبێت مرۆڤی ناو جوگرافیای عیراق بە خۆیدا بچێتەوە، دەسکاری ناخ و دەروونی خۆی بکات، ئەوجا دەستوورێکی نوێ دانێتەوە کە هەمووان لە ئاستی هوشیاری یەکەم (ناسینەوەی ماف) و هوشیاری دووەم (ناسینەوەی ئەرک) دا بن، تا بتوانن پێکەوە بژین ئەگەر ئەیانەوێت، یاخود ئەگەر دەیانەوێت جیا ببنەوە. چونکی سنوور هەروەک دەستوور، دەسکردی مرۆڤ خۆیەتی، پێویست ناکات هێندە پیرۆزی بکەن کە نەتوانن دەستی لێبدەن. هێندەش متمانە نەخەنە سەر دەستوور و بۆلای دەستوور نەگەڕێنەوە باشترە، چونکی ئەو دەستوورە بە جۆرێک داڕێژراوە هەریەکەو بەرژەوەندی خۆی تێدا ئەوێت و بەرژەوەندی ئەویتر لەکار دەخات، بۆیە ناگەنە ئەنجام. ئێمە هەر لەسەرەتای کەوتنی دەسەڵاتی سەدام ساڵی ٢٠٠٣، بابەتێکمان نوسی بەناوی (عیراق و ئایندەیەکی ئاڵۆز)، تیایدا ئەوەمان درکاندووە کە ڕەنگە ئایندەی عیراق بەرەو باشی نەڕوات، لە وێشدا هۆکارەکەمان بۆ باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و عەقیدەی کۆمەڵگەی عیراقی بردۆتەوە، کە ئێستا بە چاوی خۆمان دەرەنجامەکەی دەبینین، بەڵێ وا کەوتەوە کە چاوەڕوان بووین. کەواتە ئەو درووشمەی یان ئەو بۆچوونەی پێیوایە کە گەڕانەوە بۆ دەستوور، عیراق لە گەڕەلاوژێ و تاکڕەوی دوور دەخاتەوە، بۆچوونێکی سادەیە و دیتنی ڕووکەشی دیاردەکانە و قووڵایی کێشەکانی لە بیر کردووە. بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم سایکۆپۆلیتیک یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەشتن لە کێشەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی کێشەی مرۆڤی کورد کە ساڵەهایە بەدەست دەوروبەریەوە دەناڵێنێ، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە کورد وەک نەتەوە، بەدەست کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاینییەکانی خۆشیەوە دەتلێتەوە.

**سایکۆپۆلیتیک یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەشتن لە کێشەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی کێشەی مرۆڤی کورد کە ساڵەهایە بەدەست دەوروبەریەوە دەناڵێنێ، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە کورد وەک نەتەوە، بەدەست کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاینییەکانی خۆشیەوە دەتلێتەوە**

**هەر خاڵێک کە بەتەوافوق لە دەستووری عیراق دانراوە، بۆ خۆی بۆمبێکی کاتییەو لە کاتی خۆیدا هەر یەک لەو گرووپانە دەیتەقێننەوە، بەڵام بەناوی دەستوورەوە ئەو تەقینەوەیە ئەنجام دەدەن، تا شەرعیەت بە خۆیان بدەن. ئایا دەستوورێک لەم چەشنە داڕێژرابێت، دەشێت ببێتە هۆی گەڕانەوەی ئاشتی؟**



# کوردانی تورکیا له چاوه‌ڕوانی نه‌وروز و ئاشتیدا

سه‌ردانی چه‌ند رۆژی رابردووی ئه‌حمه‌د داود ئۆغلۆ بۆ شاری ئامه‌د و پێشـــوازی کردنی له‌لایه‌ن سه‌رۆکی شـــاره‌وانی ئامه‌د به زمانی کوردی، ئاماژه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی نه‌ورۆزی ئه‌مســـاڵ له تورکیا له ساڵانی رابردوو جیاواز ده‌بێـــت و جۆره ئومێد و گه‌شـــبینیه‌ك ده‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی هه‌وڵبدرێت قۆناخێكی دیكه‌ی چاره‌ســـه‌ری ئاشتیانه‌ی كورد له‌توركیا بچێته پێشه‌وه.

ئه‌وه‌ی له‌م پرۆســـه‌یه جێگه‌ی خۆشـــحاڵیه ئه‌وه‌یه كه هه‌ست ده‌كرێت لایه‌نی توركیا گه‌یشتۆته ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی كه ئه‌م كێشـــه‌یه به توندوتیژی و كرده‌وه‌ی ســـه‌ربازی چاره‌ســـه‌ر ناكرێت و پرســـی كورد له توركیا پرســـێكی سیاسیه‌و ده‌بێت به شێوازی ئاشـــتیانه چاره‌سه‌ربكرێت، ئه‌مه‌ش هه‌نگاوێكی وه‌رچه‌رخانه له سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تی توركیا به‌رامبه‌ر چاره‌ســـه‌ركردنی كێشه‌ی كورد، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی چه‌ند ســـاڵێك پێش ئێســـتا ئه‌م قه‌ناعه‌ته بوونی نه‌بوو، ده‌وڵه‌تی توركیا پێی وابوو ئه‌م كێشـــه‌یه به شه‌ڕ و كرده‌وه‌ی سه‌ربازی چاره‌سه‌ر ده‌كرێت، له‌سه‌ر ئه‌م پرسه‌ش چه‌ندین جار هه‌رێمی كوردستان بۆته به‌شێك له كێشه‌كه و چه‌ندین جاریش ســـوپای توركیا ســـنووری هه‌رێمی كوردســـتانی به‌زانـــدووه و یان ناوچه ســـنوورییه‌كانی



بۆردومان کردووه، بەڵام سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم راشــکاوانە ئەوەیان بەلایەنی تورکیا راگەیاندبوو کە ئەم کێشــەیە کێشــەیەکی سیاسیە و بە شێوەی سیاسیی چارەسەر دەکرێت، ئەگەر دەتانەوێت بۆ چارەسەری ئاشــتیانە هاوکارتان بین ئێمە وەك هەرێمی کوردستان هاریکاری هەردوولاتان دەکەین، بەڵام پەنابردنە بەر رێگەچارەی سەربازی زیاتر بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات، حکومەتی ئەردۆگان هەر لەسەرەتاوە جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ ئەم بۆچوونەی هەرێمی کوردستان هەبوو، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی دەبێت ئەم کێشەیە هەر بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئــەوەی لەناو دەوڵەت خۆی لە ژێر گوشــار بوو نەیدەتوانی وەك ئێستا هەنگاو هەڵبگرێت، لەلایەکی دیکەوە دیســان لەلایەنی پەکەکەشەوە خەریکە ئەو قەناعەتە دروســت دەبێت کە چارەســەری ئاشتیانە رێگەی دروســتە بۆ ئەم کێشەیە و هەر دەبێت بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، لەم نێوەندە نامەکەی ئیمرالی لەلایــەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە بۆ پەکەکە، دواتریش ئازاد کردنــی دیلەکان لەلایەن پەکەکــەوە بە وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بۆ پرۆسەی ئاشتی لە قەڵەم دەدرێت و پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت کە بە دیدێکی گەشبینانە بارودۆخەکە ســەیر بکەین، ئەمە لەگەڵ ئەوەی خودی ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی هێندە ئاسان نییە کە پێمان وابێت حکومەتی تورکیــا دەتوانێت هەنگاوی زۆر گەورە هەڵبگرێت، هەر بۆیە چاودێرانی بارودۆخەکە ئەم پرســە بەو جۆرە دەبینن کە پێویســتە هەم داواکارییەکانی حکومەت لە پەکەکە هەندێك نەرمی پێوە دیار بێت و شــێوازی داواکارییەکە بــەو جۆرە بێت کە پەکەکە بتوانێت جێبەجێی بکات، هەم جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە پێویستە داواکانی لایەنی کوردیــش هەندێك نەرم و نیانــی پێوە دیار بێت و بەپێی بارودۆخی ئێســتا سەقفی داواکارییەکانیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن لەو ناوەندە بەیەك بگەن.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە چاودێرانی بارودۆخەکە وەك لایەنێکی گرنگ ئاماژەی پێدەکەن، ئامادەباشــی رای گشــتی هــەردوو نەتــەوەی تورك و کــوردە، کە هەردوولا رێگەچارەی ئاشــتی بە پەسەند دەزانن و ئەو بۆچوونە تارادەیەکی زۆر گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، بە تایبەتی لەنێو رای گشتی نەتەوەی تورکدا کە پێیانوابوو هەردەبێت ئەم کێشەیە بەرێگەچارەی سەربازی چارەسەر بکرێــت، بۆیە لەم لایەنەوە ئامادەباشــی هەردوو نەتەوە بە فاکتەرێکی دیکە بۆ سەرخســتن و گەشــبینی بە وتووێژەکان پیشاندەدات.

لایەنێکی دیکە کە جۆرە ئومێدێك بە پرۆسەکە دەبەخشێت ئەوەیە کە هەندێك ســەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هەم ســوپای تورکیــا و هەم لایەنی پەکەکە بە شــێوەیەکی نافەرمی بڕیاریانداوە هێرش بۆ ســەر یەکتری رابگرن، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی نییە، بەڵام راگرتنی شــەڕ و هێرشــکردنە ســەر یەکتری کەش و هەوایەکی ئارام بۆ دانوستاندنەکان دروست دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێگــەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە، ئومێد دەکرێــت کە نەورۆزی ئەمســاڵی کوردســتانی تورکیا نەورۆزێکی جیاواز دەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەم بۆنە نیشــتمانیە تێپەڕێت، ئەوا ئومێدێکی دیکە بە پرۆسەی ئاشتی زیاتر دەبێت.

**نامەکەی ئیمرالی لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە بۆ پەکەکە، دواتریش ئازاد کردنی دیلەکان لەلایەن پەکەکەوە بە وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بۆ پرۆسەی ئاشتی لە قەڵەم دەدرێت و پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت کە بە دیدێکی گەشبینانە بارودۆخەکە سەیر بکەین**

**ئومێد دەکرێت کە نەورۆزی ئەمساڵی کوردستانی تورکیا نەورۆزێکی جیاواز دەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەم بۆنە نیشتمانیە تێپەڕێت، ئەوا ئومێدێکی دیکە بە پرۆسەی ئاشتی زیاتر دەبێت**



مورات سۆمەر بۆ گوڵان:

# ئاهەنگەکانی نەورۆز پێمان دەڵێت تاچەند بە پرۆسەی ئاشتی گەشبین بین

مورات سۆمەر پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و مامۆستایە لە زانکۆی کۆچ لە ئەستەنبوڵ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی تورکیاو کێشەی کورد و کێشەی ئیتنی و ناشناڵیزم، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای پرۆسەی ئاشتی حکومەتی تورکیا لەگەڵ کورد و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەتورکیا، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی د.مورات سۆمەر کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** گفتوگۆی سەرەکی لەبارەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد و وتووێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا، بابەتی گەرموگوڕی ئەمڕۆی تورکیایە، بە بیروبۆچوونی ئێوە ئایا تا چ رادەیەك ئەم پرۆسەیە بەرەوپێشدەچێت و ئایا تا چەند پێشبینی دەکرێت کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت؟**

- من هیوای ئەمە دەخوازم، لەبەر ئەوەی کاردانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رای گشتی تورکیا خوازیار و پەرۆشی چارەسەرێکی ئاشتیانەیە. کاردانەوەکانی ئێستا لە ئاست «گفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکەدا» زۆر میانڕەوترە بە بەراورد بە رابردوو، بەڵام هەموو ئەوانە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا حکومەت و پەکەکە و بە چەشنێك سازش لەسەر چاوەڕوانی و پێشبینیەکانیان دەکەن کە بتوانن لە نیوەی رێگادا پێکبگەن. نابێت داواکاریەك بکەن کە لایەنەکەی دیکە پێی جێبەجێ نەکرێت. هەروەها حکومەت ناتوانێت بەڵێن گەلێکی سیاسی بدات کە پێش هاتنەئارای جۆرێك لە ئاشتی جێبەجێ بکرێن. ئەم کارە پێویستی بە متمانە بەیەکترکردن هەیە. ئێمە لە قۆناغی دروستکردنی متمانەداین. یەکێك لەو هەنگاوانەی بۆ پێشەوە هەڵگیران، بریتی بوو لە کاردانەوەی رای گشتی تورکیا لەدوای ئەو رووداوی کوشتنانەی لە پاریس روویاندا، کە رەنگە هەوڵێك بووبێت بۆ لەرێلادانی پرۆسەکە. بەڵام کاردانەوەکان، کاردانەوەی توند نەبوون. هەنگاوێکی دیکە بنیاتنانی متمانە بریتی بوو لە ئازادکردنی دیلەکان لەلایەن پەکەکەوە. هەنگاوێکی دیکە بریتی دەبێت لە ئاهەنگگێڕانی نەورۆز، کە ئومێد دەکرێت پەیامی ئاشتی و میانڕەوی بنێرێت.

*** شارەزایان پێشبینی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد دەکەن، بۆ ئەوەی حکومەت و پەکەکە چەك دابنێن و ئاگربەست رابگەیەنرێت، بەڵام هەندێ لایەن هەن چ لە ناو حکومەتدا بێت یان لە ناو پەکەکەدا، کە لەسەر ئەوە راهاتوون کێشەکان بەشێوازی سەربازی چارەسەر بکەن، ئایا تا چ رادەیەك پێشبینی دەکرێت لایەنە سەربازیەکانی ناو حکومەت بەربەست دروست نەکەن لەبەردەم چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورددا و تا چ رادەیەك چاوەڕوان دەکرێت پەکەکە بە چەکدانان رازی بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بەربەست دێنەپێشێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە داواکاری میانڕەوانە و هەنگاوەکانی پەیوەست بە دروستکردنی متمانەوە گرنگن. گرنگترین گەرەنتی دژ بەم دەستێوەردانانە بریتییە لە بوونی رایەکی گشتی پاڵپشت لەنێو تورك و کوردەکاندا کە پرۆسەکە رێز لە هەستیاریەکانی هەردوولا بگرێت. پرسیارێکی گرنگی دیکە بریتییە لەوەی ئایا ئەردۆغان دەتوانێت پشتیوانی پارتەکانی موعارەزە بەدەست بهێنێت. ئەمە پەیوەستە بە پرۆسەی داڕشتنی دەستووری نوێیەوە. پێویستە دەستوری نوێ لەسەر بنەمای کۆدەنگیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان دابڕێژرێت. رەنگە ئەمە بە مانای ئەوەبێت ئایا ئەردۆغان بڕیار دەدات دەستورەکە لەسەر بناغەی کۆدەنگی بێت، یان سیستمە سەرۆکایەتیە پێشنیارکراوەکەی بەلاوە گرنگترە بۆ بە دیموکراتیکردنی تورکیا و چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

*** بەڵام بەشێکی دیکەی سیاسەتی تورکیا پەیوەستە بە بارودۆخی سوریاوە، کە تورکیا خوازیاری رووخانی رژێمی ئەسەدە و پێویستە تورکیا رۆڵێکی باشتری هەبێت لە سوریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر تورکیا هەنگاوی گەورە هەڵنەگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی سوریا، دواتر دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ ئایا ئەو کاتە زۆر درەنگ نابێت بۆ ئەم کارە؟**

- زەحمەتە بەبێ تورکیا ئاشتیەکی درێژخایەن لە سوریادا بێتەدی، کە تورکیا دراوسێی سەرەکی سوریاییە. لە رووی ئەخلاقیەوە پێداگیری تورکیا لەسەر رووخانی ئەسەد سیاسەتێکی راستە، بەڵام لەوە دڵنیانیم لەوەی ئەمە سیاسەتێکی واقیعی بێت. لە کۆتاییدا، پێموایە تا ئەو کاتەی رێز لە بەرژەوەندیە ئابووری و ئەمنیەکانی لە ناوچەکەدا بگیرێت، ئەوا تورکیا دەبێتە بەشێك لە قۆناغێکی راگوزەری لە سوریادا کەلەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێکرابێت، پێم وایە لەبەرامبەردا تورکیا پتر نەرمی دەنوێنێت.

*** تورکیا سیاسەتی سفر کێشەی گرتەبەر لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، بەڵام ئێستا ئاشکرایە کە دوو لە دەوڵەتە دراوسێ گرنگەکانی تورکیا، کە عێراق و ئێرانن، پشتیوانی مانەوەی ئەسەد دەکەن لە دەسەڵاتدا لە ناو سوریادا، ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتی تورکیایە لە ئاست سوریادا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمە لەگەڵ سیاسەتی سفر کێشەی تورکیادا دەگونجێت کە بە نیازبوو لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا بیگرێتەبەر؟**

- کێشەکانی ئێستا زادەی سیاسەتی سفر کێشەی تورکیا نین. بەڵکو هۆکاری دیکەیان هەیە و تورکیاش هەوڵیداوە خۆی لەگەڵ هەل و مەرجە گۆڕاوەکاندا بگونجێنێت. سیاسەتی سفر کێشە تەنیا ستراتیژیەت نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی تورکیادا. بەڵکو بەشێکە لە تێڕوانینێکی ناوچەیی بەرفراوانتر کە ئامانج لێی هێنانە ئارای ئاشتی و بەرەوپێشچوونە لە ناوچەکەدا، ئەویش لە رێی ئاوێتەبوونی ئابووری و هاوکاری کردن لە

**کاردانەوەکانی ئێستا لە ئاست «گفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکەدا» زۆر میانڕەوترە بە بەراورد بە رابردوو، بەڵام هەموو ئەوانە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا حکومەت و پەکەکە بە چەشنێك سازش لەسەر چاوەڕوانی و پێشبینیەکانیان دەکەن کە بتوانن لە نیوەی رێگادا پێکبگەن**



**تا ئەو کاتەی ڕێز لە بەرژەوەندیە ئابووری و ئەمنیەکانی لە ناوچەکەدا بگیرێت، ئەوا تورکیا دەبێتە بەشێک لە قۆناغێکی ڕاگوزەری لە سوریادا کەلەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێکرابێت**

**سیاسەتی سفر کێشە، پتر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی نوێ و ئاڵ و گۆڕێکی هزریە لە ئاست ناوچەکەدا، و تەنیا ڕەنگدانەوەی خواستی چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی دیاریکراو نییە**

بــواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا. هەروەها جێهێشــتنی ئەو سیاســەتانە لەخۆدەگرێت کە بە دەوری ئەمنیەتی دەوڵەتدا دەسوڕێنەوە، کە تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات میراتی باڵادەســتی دەرەکین. ئەمە تێڕوانینێکی باشە تا ئەو کاتەی زیاد لە پێویســت جەخت لەســەر ئایین و مێژوو نەکاتەوە، کە ئەم هۆکارانە هێندەی ئەوەی مایەی یەکخســتنن، دەکرێت مایەی دابەشبوونیش بن. کەواتە، سیاسەتی سفر کێشە، پتر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی نوێ و ئاڵ و گۆڕێکی هزریە لە ئاســت ناوچەکەدا، و تەنیا ڕەنگدانەوەی خواستی چارەســەرکردنی کێشەگەلێکی دیاریکراو نییە. من دڵنیانیــم لەوەی ئەو وڵاتانەی لە سەر پرسی ســوریا تەحەددای تورکیا دەکەن بەدیلێکی باشتر بخەنەڕوو.

*** بەڵام ئایا تا چ ڕاددەیەك هەرێمی کوردســتان بۆ تورکیا گرنگە، چونکە ئێستا پەیوەندیەکی باش لە نێوان هــەردوولادا هەیە و بڕێکی زۆر بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی لە نێوانیاندا دروســتبووە، بە تایبەتی کە ئەم هەرێمە لە ڕێی تورکیاوە غاز و نەوت هەناردە دەکات؟**

- پێموایــە ئــەم پەیوەندیانــە زۆر گرنگــن، لەبەر ئەوەی هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری پێویســتن بۆ بەرەوپێشــچوونی ناوچەیی، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشــەی کورد لە ناوچەکــەدا. لە هەمــان کاتدا ئەم پەیوەندیانــە گرنگــن، بەهۆی بوونی ئــەو تێڕوانینە ناوچەییەی کە پێشتر باسم کرد.

*** تورکیا پێگەیەکــی گرنگی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا، و ئومێدێکی زۆری هەیــە بەوەی ببێتە ئەندامــی یەکێتی ئەوروپــا، تا چ ڕاددەیــەك تورکیا دەبێتــە پردی پێکگەیاندنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەم هاوسەنگیە دەپارێزێت؟**

- پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وا دەکات ئەم وڵاتە بەهایەکی زیاتری هەبێت بۆ یەکێتی ئەوروپا، پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا وا دەکات تورکیا ببێتە نموونەیەکی بەهادار و شــەریکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام هەمیشە بەرژەوەندیەکانی یەکێتــی ئەوروپا و تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا یەکنا گرنەوە. پێموایە پێویســتە تورکیا بە دوای جۆرێك لە پەیوەندیــدا بگەڕێت لەگەڵ یەکێتــی ئەوروپا کە هاوشان بێت بە ئەندامێتی تەواو، بەڵام پەیوەندیەك بێت مرونەتــی تێدابێت و فرەڕەهەنــد بێت لە ڕووی ئەرك و ئیلتیزامات و ئاوێتەبوونەوە. ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ قبوڵکردنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا، کە حاڵی حازر لە ژێر تەم و مژێکی زۆردایە.

سوعات کینیکلۆ ئۆغلۆ ئەندامی پۆلیت بیرۆی AKP بۆ گوڵان:

# کورد و تورک لەشەڕ بێزار بوون، ئێستا کۆدەنگیەک لە تورکیا هەیە بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت



***سوعات کینیکلـۆ ئۆغلۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا و بەرپرسی بیرۆی پارتی ناوبراوە لە ئەنکەرا و هەروەها ئەندامی پەرلەمانە لەسەر لیستی پارتی دادو گەشەپێدان و وتەبێژی فەرمی لیژنەی کاروباری دەرەوەیە لەپەرلەمانی تورکیا، بێجگە لە کاری پەرلەمانی و پارتایەتیش، بەڕێوەبەری سەنتەری مارشاڵ پرۆجێکت فاندەو یەکێکە لەو ئەکادیمانەشی کە لەسەر ئاستی ناوەندەکانی سینك تانکسەکانی ئەمریکا بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و ئاستەنگەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا بانگهێشت دەکرێت و، وەك کاری رۆژنامەنووسیش سەرنووسەری تورکیش ئینسایدە و یەکێکە لە ستوون نووسەکانی رۆژنامەی تودەی زەمان و حوریەت، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای پرۆسەی ئاشتی نێوان حکومەتی تورکیا و کورد، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێزی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.***

*** ئێستا لەتورکیا پرۆسەیەکی ئاشتی لەنێوان پەکەکە و حکومەت دەستی پێکردووە، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری ئەم پرۆسەیە دەکەیت؟**

- ئێستا ئێمە لە نێوەندی پرۆسەکەداین و من نازانم چۆن کۆتایی دێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئێمە ئاماژەی دڵخۆشکەر دەبینین و چەند هەنگاوێك دەگیرێتەبەر کە مایەی دروستکردنی متمانەن وەك ئازادکردنی ئەو زیندانیانەی لەلای پەکەکە بوون، کە ئازادکردنیان هەنگاوێکی ئیجابی بوو. پێموایە کورد و تورك لەم ناکۆکیە وەڕسبوونە و دەیانەوێت تەجاوزی بکەن. بە دڵنیاییەوە پێویستە ئارامگرتوو بین، لەبەر ئەوەی ئەمە پرسێکی لەڕاددەبەدەر هەستیارە، ڕەنگە لایەنگەلێکی سیاسی هەبن کە نەیانەوێت ئاشتی لە تورکیا بێتەدی لە نێوان دەوڵەت و تورکیادا. ئێمە تا ئەم ساتەوەختەش بە دواداچوونی بۆ دەکەین و توانراوە بەباشی ئیدارە بکرێت، و ئومێد دەکەم بە باشی کۆتایی پێبێت و بتوانرێت کۆتایی بەم قۆناغی توندوتیژیە لە مێژووی نوێمان بهێنرێت.

*** بەڕای بەڕێزت پێتوایە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، یان راشکاوانەتر ئایا پیشبینی ئەوە ناکەی هەندێك لایەن کە حەز بە ئاشتی ناکەن ئەم پرۆسەیە تێکبدەن؟**

- ئەوەی پێشبینی دەکەم و ئەوەی ئومێدی بۆ دەخوازم ئەوەیە ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت، من پێشبینی دەکەم کە سوپا و پێکهاتەکانی دیکە لە ژێر فەرماندەیی دەسەڵاتێکی مەدەنیدا بن، کە سەرۆك وەزیرانە، سەرۆك وەزیرانیش ئیرادەیەکی سیاسی گەورەی پیشانداوە و ئەو سەرکێشەی گەورەی کردووە، ئومێد دەکەین ئەم پرۆسەیە لە سایەی سەرکردایەتیکردنی ئەودا بە ئیجابی کۆتایی پێبێت. بەڵام دەبێت ئەو راستیە لەبیر نەکەین کە ئەم شەڕە بۆ ماوەی سی ساڵە درێژەی هەیە، لەبەر ئەوە پێشبینی ئەوە ناکەم سوپای ئێمە، یاخود هەر لایەنێکی دیکە هەوڵی تێکدانی- ئەم پرۆسەیە- بدەن، لە تورکیادا کۆدەنگیەك هەیە کە گرنگە ئەم کێشەیە لە رێی گفتوگۆی سیاسیەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسی سەرەکی ئەوەیە پەکەکە بچێتە دەرەوەی خاکی تورکیا و چەکی لێ دابماڵرێت، ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە گفتوگۆکان پتر لەسەر پرسە سیاسیەکان دەبێت. ئێمە پێویستمان بە قۆناغێکی بەرەوپێشچوونە، پێموایە تاوەکو ئێستا ئەو هەنگاوانەی لەلایەن هەموو لایەکەوە هەڵگیراون، لەلایەن حکومەت و بەدەپەوە و پەکەکەوە، ئاماژەگەلێکی دڵخۆشکەریان لێ بەدی دەکرێت، بەڵام کەسمان توانای ئەوەمان نییە ئاییندە بخوێنینەوە، و تەنیا دەتوانین ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین. پێموایە ئەوەی لە رای گشتی بەدی دەکرێت، لەنێو رای گشتی تورك و کوردەکاندا، ئەوەیە کە بە پەرۆشەوەن بۆ یەکلابوونەوەی ئەم کێشەیە.



*** کێشەیەکی دیکەی تورکیا بارودۆخی سوریایە، زۆر لایەن پێیانوابوو تورکیا رۆڵێکی ئەکتیفتر لەو کێشەیەدا دەگێڕێت، بەڵام خەریکە هەست بەوە دەکەین کە رۆڵی تورکیاش سنوورداره، ئایا تۆ چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- بارودۆخی سوریا لە راددەبەدەر ئاڵۆزە و هەوڵەکانی تەنیا وڵاتێك ناتوانێت ئەو بارودۆخە چارەسەر بکات، بەڵکو پێویستی بە هەوڵی چەند دەوڵەتێك هەیە، پێویستی بە هاوپەیمانێتیەك هەیە، هەروەها ئێمە خوازیاری ئەوەین نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکتر بێت لە هاوکێشەی سوریادا. ئێستا فەرەنسا و بەریتانیا رایانگەیاندووە کە پتر پشتیوانی موعارەزە دەکەن، ئەوان خوازیاری ئەوەن قۆناغێکی راگوزەری لە سوریا بێتەئاراوە و



**تاوەکو ئێستا ئەو هەنگاوانەی لەلایەن هەموو لایەکەوە هەڵگیراون، لەلایەن حکومەت و بەدەپەوە و پەکەکەوە، ئاماژەگەلێکی دڵخۆشکەریان لێ بەدی دەکرێت**

خوازیاری چارەسەرێکی خێران بۆ کێشەکە، چونکە تاوەکو زیاتر درێژەبکێشێت ئەوا لایەنە رادیکاڵەکان زیاتر بەهێز دەبن و ئەمەش شتێك نییە تورکیا بیەوێت. هەر کاتێکیش قۆناغی راگوزەری هاتەپێشەوە، ئەوا دەبێت دەستورێکی نوێ بنووسرێت، کە ئەو کاتە مەسەلەکە بۆ هاووڵاتیانی سوریا دەگەڕێتەوە کە بریار لەوە بدەن ئایا چ جۆرە سیستمێکیان دەوێت. بەڵام لە هەمان کاتدا تورکیا پشتیوانی موعارەزە دەکات و بە وریایی و حەزەرەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات، یەکێك لە مەسەلە هەستیارەکان ئەوەیە لایەنەکانی پەکەکە لە سوریادا بارودۆخەکە بە دەرفەت بزانن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئامانجەکانی تورکیا. کەواتە ئێمە چاودێری بارودۆخەکە دەکەین و هەروەك دەزانن بارودۆخێکی لە رادەبەدەر ئاڵۆز و توندوتیژ هەیە لە سوریادا و بە داخەوە خەڵکانێکی زۆر لەو وڵاتەدا کوژراون و خەڵکانێکی زۆریش ناچار بوون ئەو وڵاتە جێبهێڵن و ببنە پەنابەر لە ئەردەن و لوبنان و تورکیا و عێراق، بەڵام هەروەك پێشتر وتم تورکیا عەسایەکی سیحری بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی بە تەنیا بتوانێت کێشەی سوریا چارەسەر بکات، کێشەکە زۆر گەورەیە و ئێمەش ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکەین بۆ هێنانە ئارای قۆناغێکی راگوزەری لە سوریادا. هەروەها بارودۆخی سوریا بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیەکانمان لەگەڵ عێراق و ئێراندا بگۆڕدرێت، بە داخەوە حکومەتی مالیکی و حکومەتی ئێران پشتیوانی رژێمی ئەسەد دەکەن، کە خەڵکەکەی دەکوژێت و بە رۆکێتی سکۆد و بە فڕۆکە خەڵکەکەی بۆردومان دەکات. هیچ گومانی تێدانییە کە بارودۆخی سوریا قۆناغێکی گرنگ و دووڕیانێکە بۆ تورکیا بۆ ئەوەی دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ پەیوەندیەکانی بکاتەوە لەگەڵ ئێران و حکومەتی مالیکیدا، ئەوە ئاشکرایە کە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بارودۆخی سوریاشدا، تورکیا سیاسەتەکانی لە ئاست ئەم وڵاتانەدا هەموار دەکاتەوە.

**تورکیا پشتیوانی موعارەزە دەکات و بە وریایی و حەزەرەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات هەروەک دەزانن بارودۆخێکی لە رادەبەدەر ئاڵۆز و توندوتیژ هەیە لە سوریادا**

# مەسەلەی کەلەپوور لای مارتن هایدگەر



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

هایدگەر لە ئەزموونی فیکردا نووسیویەتی «پێشین لە هەموو کۆنینەکاندا بە دوامانەوەیە، گرنگیشە درکمان پێ بکات» ئەم بەدواکەوتنە سوود دەگەیەنێت بە چەمکێکی دیاریکراو لە مێژوودا، بە تەنیا لە ڕەوتێکی پەتی سەیرورەیی پێشکەوتوو شیتەڵ نابێتەوە کە تێیدا هاتوو پێش پێشوو بکەوێت، بەڵکو لەوە دەچێت پێچەوانەکەی ڕاست بێت، بزاوی ئێستا درێژدەبێتەوە بەرەو ڕابردوو، بە تەنیا بیرخەرەوەو یادگەی ئەویش نابێت، بەڵکو هەستپێکردن و وەرگرتنە، بزاوتی مێژوو لە لای هایدگەر بەوە دەست نیشان ناکرێت وەك شتێك بێت ڕوویدابێت هاوشێوەی تێگەیشتنە هیگڵیەکەی بۆ ئەو بزاوتە، مێژوو لێرەدا وەك ڕووداوێك ناکەوێتەوە، ڕوودان لەسەر ڕێڕەوی زەمەن ناوەستێت، مێژوو بریتی نییە لە زنجیرەی چاخەکان، بەڵکو نزیکبوونەوەی هەمان شتانێکە، ئەم نزیکبوونەوەیە بەو واتایە نایەت مێژوو بۆ ئێستای بەردەوام بگێڕینەوە، بە پێچەوانەی ئەوەوە دوورکەوتنەوەشە لە بنەوا، چەمکی مێژوو بزاڤێکە، چرکەساتی بەرایی لێ ون دەبێت و لەدەستی دەدا، ئێستا ئامادەگی نابێت، ڕابردووش نە ئامادەیەو نە بەجێدەمێنێت، ئێستا هەمیشە ئامادەیە، بەردەوام لە خۆی دووردەکەوێتەوە، وێڵ و سەرگەردانە..

دەرەئەنجامی سەرەتایی کە لەم بابەتەی مێژوو هەڵێنجرێت ئەوەیە کە کەلەپوور بریتی نییە لە واتایەکی زەمەنی، لەگەڵ چەشنی زەمەنی ڕابردوو وێك نایەتەوە، شتێك نییە ڕابردوو بێ، بابەتێك نییە لە بابەتەکانی ئاگامەندی مێژوویی، کەلەپوور لە پشتمانەوە بوونی نییە، بەڵکو بەرەو چەقی ناوجەرگەمان دەکشێت، چونکە ئەوە قەدەرو چارەنووسە و زوو یا درەنگ بەرمان دەکەوێت..

هاوشێوەی ئەوەش واتای قەدەر نەمرێتی سەرمەدی یان جەبریەتی گەردوونی ناگەیەنێت، بەڵکو بەرەو بنەوای مێژوویی دەمانگێڕێتەوە، نەك وەك سەرەتایەکی زەمەنی و بنەوای بەرایی، بنەوا لێرەدا چرکەساتێکی ناوازە نییە لە چرکەساتەکانی مێژووییدا، هەروەها بنەوا ڕێبازگەیەکی ڕاڤەیی نییە بەڵکو نە ڕێبازەو نە سەرەتای زەمانیە، سەرەتا بە پێچەوانەی ئەوەوە بوو، ئەو بەرگەیە کە بنەوا دەپێچێتەوەو پەردەپۆشی دەکات.

بنەوا هێشتا دەستی پێنەکردووە، کازێوەیەکە کە لەنکاوڕا بەدەرناکەوێت، تەنیا لە خۆرئاوابوونی فکردا نەبێت، ناواخ نە شاراوەکانی ئاشکرا نابێت، وەك یەکێك لە شرۆڤەکارانی هایدگەر لە کازێوە دەدوێت «سەبارەت بە خودی خۆی ئەنگوستەچاوە لە ڕۆشناییەکی بەراییدا، کۆتایی و خۆرئاوابوون دێتە پێشەوە تا کازێوە لە حەقیقەتەکەی خۆیدا بدۆزرێتەوە، کە پێشوەختە پەردەپۆش کرابوو، ئاوابوون لێرەدا شتێك نییە ڕۆشنایەتی لێ ئاوابوو بێت، کەلتوورێکی دیاریکراویش نییە،(occident) نە نیشتمانەو نە ڕەچەڵەکە و نە نەتەوەیەو نە گەلەو نە وڵاتە، بەڵکو چرکەساتی کەشفبوونی کازێوەیەکەو لە ڕۆشنایی نەکەوتووە، بۆیە هایدگەر بەو شێوەیە لە مەملەکەتی یۆنان دەدوێت گوایە کازێوەی فکری ئەوروپاییە، لە ساتەوەختی هەبوونی مێژوویی بنەوایی نە لە دوورایداین و نە لە نزیکایەتی یۆنانەوەین، ئێمە

بە نیسبەت ئەوانەوە لە ونبوون و بوڵێلاییداین..»

ئـــەم ونبوونـــە وا لە کەلەپـــوور دەکات بەو شـــێوەیە لای هایدگـــەرەوە بناســـرێت؛ وەك خەســـڵەتێکی دوالیزمەیی، لە کاتێکـــدا کەلەپوور بەلای هیگڵەوە بریتییە لە زەخیرەی هزری ئاگایی، چرکەساتەکانی گەشەی فکرە، هاوکات لە ڕوانینی هایدگەرەوە ژێدەرو بەربەستە، ئەو کەلەپوورەی کە فکر ناتوانێت تێیپەڕێنێت بە دواندنی نەبێت، تەنیا دەستەبەری و کەفیلێکە بۆ ئەو دەسپێکەی کە بیری لێ نەکراوەتەوە، هاوکات تەگەرەیشە، دەڵێت ئەو کەلەپوورەی ســـەروەرێتی خۆی دەســـەپێنێت، دوور لەوەی ڕێگەبدات بە درککردنی ئەوەی دەیگوازێتەوە، زۆربەی کەڕەت هاوبەشـــی دەکات، بە پێچەوانەوە لە پەردەپۆشـــی و پێچانەوەیدا، ناواخنەکەشـــی ســـەرەولێژدادەنەوێنێ تا ئاستی

لێرەشـــدا بەو شێوەیە لە میانەی فەلســـەفەی مێژووەوە لە کەلەپـــوور نارِوانرێت کـــە مێژوو بگێڕێتەوە بۆ گشـــتاندنی میتافیزیکی، گەڕانەوە لێرەدا گێڕانەوەی ناسنامەکانمانە بۆ ئـــەو کەلەپوورەی کە بە کەلەپـــووری لەبیرکراو دەژمێردرێت، لەبیرکـــراو بە واتای غائیب بوون نییە، ئەوە هێزێکی ســـلبی نییە، بەڵکو لەبیرکراو توانایەکی ئەرێنییە لە کاتێ بۆ کاتێکی تـــر پەنجەرەو دەروازەکانی ئاگایی دادەخات، بە دەر و دوور لە هەڵقوولاوی ڕابردوو دەمێنێتـــەوەو هەوڵیش دەدات ئامادەیی هەبێـــت و بلۆکبەنـــدو هاوتا بێتـــەوە، کەواتـــە گەڕانەوە بۆ کەلەپوور گەڕانەوە نییە بۆ ڕابـــردووی مێژوویی، کەلەپوور پەســـەندو گرنگە بەلای ئێستامانەوە، بە هەموو تەمومژی و وزە ئایندەییەکەیەوە، بـــەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە پێوەندیدار



ئەوەی دەیکاتە بەدیهەتێکی بیر تیژی پەتییانەو ناهێڵێت بگاتە ژێدەرە ڕەســـەنەکانی کە وتەزاو چەمکە تەقلیدیەکان بەشێکن لێی بەلای کەمەوە..

کاتێ هایدگەر گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی، حنە ئارندت لە بارەیەوە وتی کەســـێك ئەو گوریســـەی لەدەســـت بۆوە کە بە کەلەپوورەوەی دەبەســـتەوە، ڕابردووی سەرلەنوێ دۆزییەوە. ژیانی وەبەر فکردا کردەوە، توانی زەخیرەکانی ڕۆشـــنگەری ڕابـــردوو بەگـــۆ بهێنێت، ئـــەو زەخیرانەی کە پێمـــان وابوو مرێنراون، ئەوەتا ئێستا شـــتانێکمان دەخاتەوە بەردەم، کە زۆر جیاوازە لەوانەی پێشـــتر بڕوامان پێـــی هێنابوون، تەنیا فکر دەتوانێت شـــتەکان لێکجودا بکاتەوە، تەنیا فکرە کە دەتوانێت ســـەرە داوەکان بگێڕێتەوەو دەشـــتوانێت زەخیرەکان بهێنێتەوە، ئەو زەخیرانەی کە ڕابردوو پەردەپۆشـــیانی کردووە، دیالۆگ وا لـــە کەلەپووردەخوازێت ئەو فکرە ئـــازاد بکات کە بۆ ئێمە گواســـترایەتەوە تا بتوانێـــت بگەڕێتەوە بۆ ئـــەو خەزێنەیەی تێیدا هەڵگیراوەو ئیدخاریشـــی تێدا کراوە، بەو شتەی لە بوون نابێتەوە، ئەو شتەی هەر لە بەراییەوە، هەژموون دەکات بە سەر کەلەپوورداو هەمیشـــە لە پێشەوەی ئەو بووەو پێشی کەوتووە، بێ ئەوەی بە ڕوونی بیری لێ بکاتەوە، بێ ئەوەی وەك بنەوا تەماشای بکرێت..

وەبیرخســـتنەوەی کەلەپوور گەڕانەوەی مەبدەئی تویکاری نییـــە، تـــا زنجیـــرەی ڕووداوە مێژووییەکانی پـــێ تەعلیل بکەین.

بێـــت بە زیندووبوونەوەی نەفســـی نەمرەوە کـــە بە درێژایی ســـالانێك لە ژیاندا بێت،بەڵکو بە پێچەوانەوە بە دەرخســـتنی نەفسی فانییەوەیە کە لەبیرکردن باڵی بەسەردا کێشاوەو مێژوو تەهمیشی کردووە.

گەڕان بە شوێن بنەوادا دانامەزرێنرێت، بەڵکو ئەو شتانەی کە وا دەزانین چەسپاون دەیانشلەژێنێت، ئەو شتانەی وا هەست دەکەین چەقبەستون دەیانجوولێنێ، ئەو شتانەی بە یەکگرتوویی دەیانبینیـــن پەرتیان دەکات، ئەو شـــتانەی بە هاوئاهەنگیان دادەنێین هەڵیاندەوەشێنێت، بەسەرکردنەوەی بنەوا لەم حاڵەتەدا پوکانەوەیەکی هەمیشەیە بۆ ناسنامەکانمان، ئەو ناسنامەیەی لە هەوڵداین تا بیپارێزین و لەژێر ماســـکدا دەیشارینەوە، ئەو خـــۆی نییە لە گێڕانەوەیەکی گاڵتەئامێـــز زیاتر: فرەیی لە ناخیایەتی و چەندین زیندەبـــۆ لە لە ناویدا ململانێ دەکەن، ڕێکخراوەکان لەدژی یەکتر دەوەستنەوەو یەکتری دەگەوزێنن، بەڵام ئەم زیندەبۆانە بە چەپێندراوی دەمێننەوەو لە ژێر فشاری ئەو شێوازەی کە کەلەپوور ســـەروەرێتی خۆی دەچەسپێنێت، ئەم شـــێوازە دوورە لەوەی ڕێگەبدات بە درککردنی شتێك کە دەگوازرێتەوە، زۆربەی کەڕەت هاوبەشی دەکات بە پێچەوانەی ئەوەشـــەوە لە بەرگپۆشینیدا ناواخنی خۆیسەرکوت دەکات، تا بیکاتە بیداهەتێکی پەتییانە، واتە بەربەستەکان بە دەرکەوتنیان خۆیان دەشارنەوە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

**تەنیا فکر دەتوانێت شتەکان لێکجودا بکاتەوە، تەنیا فکرە دەتوانێت سەرە داوەکان بگێڕێتەوەو دەشتوانێت زەخیرەکان بهێنێتەوە، ئەو زەخیرانەی کە ڕابردوو پەردەپۆشیانی کردووە..**

**کاتێ هایدگەر گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی، حنە ئارندت لە بارەیەوە وتی کەسێک ئەو گوریسەی لەدەست بۆوە کە بە کەلەپوورەوەی دەبەستەوە، ڕابردووی سەرلەنوێ دۆزییەوە**

# دوو ساڵە ئەسەد گەلەکەی کۆمەڵکوژ دەکات و پێشبینی دەکرێت بارودۆخەکە خوێناوی تر بێت





بەپێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان لەماوەی دووساڵی رابردوودا و لەدەسپێکی خۆپیشاندانەکانی سوریاوە زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس بەدەستی سوپای رژێمی ئەسەد کوژراون و کە ١٥ هەزاریان منداڵن و هەروەها زیاتر لەسەدان هەزار کەسیش لەناوخۆی وڵات ئاوارەبوون و بەسەدان هەزاریش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون و رۆژ لەدوای رۆژیش بارودۆخەکە بەرەو خراپتر و خوێناوی تر دەچێت، لەگەڵ هەموو مەزندە خراپانەش بۆ بارودۆخی سوریا کەچی هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوو دڵە لەدەستوەردان، راستە لە یەکدوو رۆژی رابردوو حکومەتی ئەمریکا رایگەیاند رێگە بە بانك و هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی دەدات پارە بنێرین بۆ ئۆپۆزسیۆنی سوریا، هەروەها بەریتانیا و فەرەنسا پێشنیاری ئەوەیان خستۆتە بەردەم یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی چەك بدرێتە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بارودۆخەکە بەلایەکدا یەکلایی بێتەوە، بەڵام ئەم پێشنیارەش بەتوند رەتکراوەتەوە لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ئەورووپی پێیانوایە لەوانەیە ئەم هەنگاوە ببێتە هۆکاری ئەوەی روسیا و ئێران چەکی زیاتر بدەنە رژێمەکەی ئەسەد بارودۆخەکە زیاتر خوێناوی بێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا دوای دووساڵ لەم بارودۆخە خوێناوییە سوریا بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی د.ئەدهەم ساولی تۆژەر لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە زانکۆی ئیدنبیرگی بەریتانی کرد و لەوەڵامی گوڵاندا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە کێشەی ئێستای سوریا بۆتە کێشەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەلایەکدا بکەوێت و سوریا لەم قەیرانە رزگار بکرێت، لەمبارەوە وتی: (دەربارەی ئەوەی سوریا بەرەو کوێ دەڕوات، ئەوا ئەو ناکۆکیەی لە سوریادا هەبوو، گۆڕا بۆ شەڕی ناوخۆ، سەرەتا بە راپەڕین دژی رژێمەکە دەستی پێکرد، دواتر پەرەی سەند بەرەو شەڕی ناوخۆیی، ئەویش لەبەر ئەوەی رژێمەکە و موعارەزەی چەکداری لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە پشتیوانیکران، کە بوونەتەهۆی درێژەپێدانی شەڕە ناوخۆییەکە. لە راستیدا ئەگەر چارەسەرێکی دەرەکی نەکرێت بۆ بارودۆخەکە، ئەوا بەرەوپێشچوونێك روونادات. ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە هەبێت، ئەوا ئەمریکا لەلایەك و روسیا و ئێرانیش لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدەن رێککەوتنێك بێتەئاراوە بۆ رزگارکردنی سوریا لەو شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەی تێیکەوتووە. هەروەها بە دڵنیاییەوە قەیرانی سوریا بۆتە ناکۆکیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی،



د.ئەدهەم ساولی بۆ گوڵان:

## تاوەکو ئەمریکا و روسیا و ئێران نەگەنە رێککەوتنێک ئەوا چارەسەرێکی خێرا بۆ قەیرانی سوریا نایەتە ئاراوە



ئەنتۆنی گۆرمان بۆ گوڵان:

## هیچ چانسێک نابینم ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازی ئەنجام بدات بەشار ئەسەدیش پشتی بەوە ئەستوورە بۆ پاراستنی پێگەکەی و مانەوەی لە دەسەڵات

قەیرانەکە لە سوریادا، لە نێوان رژێم و پشتیوانەکانی لەلایەك و موعارەزەی چەکداری لەلایەك، دروست بوو، کەواتە لە سوریادا، شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە، ئەم شەڕی ناوخۆییەش، جەمسەرگیریەکی ئیقلیمی خوڵقاندووە، کە هەندێ دەوڵەت پاڵپشتی موعارەزە دەکەن و هەندێ دەوڵەتی دیکەش پشتگیری رژێمەکە دەکەن. لە رەهەندێکی دیکەدا، ناکۆکیەکی تائیفی هەیە، لەبەر ئەوەی لەلایەك ئێران پشتگیری رژێمەکە دەکات و لەلایەکی دیکەش تورکیا و قەتەر و سعودیە پاڵپشتی موعارەزە دەکەن. ئەمەش بۆتە هۆی توندکردنەوەی بارگرژی تائیفی لە ناوچەکەدا. من دەڵێم ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، جەمسەرگیری هەیە، ئەویش لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەك، و روسیا و چین لەلایەکی دیکەوە. کەواتە قەیرانی سوریا چەند رەهەند و چەند ئاستێکی هەیە- کە دەبێت لێیان بڕوانین- ئەگەر بمانەوێت لێی تێبگەین. سەبارەت بە ئەمریکاش بە تایبەتی پێموانییە ئامانجێکی روون هەبێت لە ستراتیژیەتی ئەمریکادا بۆ ئەوەی دەستێوەردانێکی سەربازی بکرێت لە سوریادا. ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان بەهۆی ئەو دژواریە ئابووریانەی ئەمریکا لە ناوخۆدا دووچاری هاتووە، هەروەها لەبەر ئەو ئەزموونەی ئەمریکا لە داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستاندا هەیبووە. کە ئەمانە دەبنەهۆی ئەوەی سڵبکرێتەوە لە دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە هاوسەنگی هێزەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی. دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا رەنگە سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ناوچەیی، لەبەر ئەوەی روسیا و ئێران لەلایەك، رێگا بە روودانی ئەمە نادەن. هەروەها رەنگە ناوچەکە دووچاری شەڕ ببێتەوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ناکۆکی عەرەبی و ئیسرائیلیەوە هەبێت، کەواتە لەم ساتەوەختەدا دەستێوەردانی سەربازی لە سوریادا یەکێك نییە لە رێگاچارەکان، لەلایەکی دیکەشەوە ناکۆکی تائیفی بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و وڵاتەکە دابەش دەکات، وەك عێراق و لوبنان. بەڵام بوونی ئیسلامیە توندڕەوەکانیش لە نێو موعارەزەی سوریدا، مایەی نیگەرانی زۆرێك لە هێزەکانی رۆژئاوا و وڵاتانی کەنداوە، وەك سعودیە و ئیمارات)).

بەڵام پرۆفیسۆر ئەنتۆنی گۆرمان کە ئوستادی مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی سیاسیە لە زانکۆی ئیدنبیرگ لەبەریتانیا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئاڕاستەی کێشەی سوریا بەرەو رووخانی ئەسەد دەڕوات لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (هەڵبەتە ئاڕاستەی کەیسەکەی

سـوريا بەرەو كۆتايی رژێمەكەی بەشار ئەسەد دەڕوات، بـەڵام نازانم كەی چونكە هەروەك ئێوەیش دەزانن ئەوە ٢ ساڵ تێپەڕیوە لەسەر سەرهەڵدانی راپەڕینەكە و رووخانی رژێمەكە هەمیشە پێشبینیكراوە، بەڵام هێشتا روونەداوە، بەڕای من كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی بێ دەنگ نەبووە، چونكە ئەگەر مەبەسـتتان لە ئەمریـكا و بەریتانیا-یە ئەوە جموجۆڵیان هەبووە لەسـەر ئاستەكانی دیپلۆماتی و ماددی لەڕووی پاڵپشـتیكردن لە هێزەكانی دژە رژێم، تاكو ئەمڕۆ تەنیا ئەوەندە ئەنجامدراوە و ئێسـتاش پاش دووبـارە هەڵبژاردنەوەی ئۆباما ئەگـەری ئەوە دەكرێت ئەمریكا رۆڵی زیاتـر بگێڕێت، بەڵام نازانم ئەو رۆڵەی چی دەبێت. هەر بۆیە پێموایە پاش دەسـپێكی ئیدارەی نـوێ لە مانگی كانوونی دووەمدا مشـتومڕی زۆر لە ئەمریكا كراوە لەسـەر پاڵپشـتیی بەردەوامی روسیا بۆ رژێمەكەی سـوریا، بەڵام هەسـتدەكەم كە ئۆباما هیچ ئارەزوویەكی دەرنەخستووە بۆ ئەنجامدانی دەستێوەردانی سـەربازی و هاوكات پێموایە كە رای گشتی ئەمریكا لەگەڵ جەنگ نین، من هیچ چانسـێك نابینم ئەمریكا دەسـتێوەردانی سەربازی ئەنجام بدات و هەروەها پێموایە بەشار ئەسەد-یش پشـتی بەوە ئەستووره و بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ پاراستنی پێگەكەی و مانەوەی لە دەسەڵات، هەروەها بەشار ئەسەد پشتی بەوەش ئەستووره كە بەردەوام ناوی ئۆپۆزسیۆن دەبات بە تیرۆریستان و بە تاوانباران و گوایە هێزی دوژمنان پاڵپشتییان لێ دەكات و بێگومان ئەو بیرۆكەیەشـی خسـتۆتەئاراوە كە دەڵێت ئەگەر ئەو بڕووخێ ئەوە رژێمێكی ئیسـلامی جێگەی دەگرێتەوە، بەڕای من ئەسـەد ئیستیغلالی ئەو بیرۆكەیە دەكات بۆ مانەوەی رژێمەكەی لە دەسەڵاتدا)).

**سوریا بەرەو كارەساتێكی مرۆیی**

بارودۆخی سـوریا بەرەو هەرلایەك ئاراسـتە بگرێت مەترسی ئەوە هەیە ئەو كارەساتە مرۆییەی ئێستا روویداوە گەورەتر بێت و ئەگەر ئێستا ژمارەی ئاوارەكانی سوریا گەیشتبێتە نزیكەی یەك ملیۆن پەنابەر ئەوا مەزندەی ئەوە دەكرێت كە ئەم ژمارەیە زیاتر بێت، سـەبارەت بەم كارەسـاتە د.ئەدهەم ساولی لە دریژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان ئەم بارودۆخەی بە كارەسـاتێكی مرۆیی دژوار وەسف كرد و وتی: (حاڵی حازر ئێمە دۆخێكی مرۆیی دژوارمان هەیە لە سـوریادا، ئەویش بەهۆی شـەڕ و ئاوارەكانی ناوخۆیی و قەیرانی پەنابەرانی- سوری- لە ناوچەكەدا. ئەمە لەسەر ئاستی مرۆیی، هەروەها بۆی هەیە لەسـەر ئاستی سیاسیش كێشـە بۆ ئەو وڵاتانە دروسـت بكات كە ئـەم پەنابەرانـە دەگرنەخۆیان، بە تایبەتی، لوبنان. بە داخەوە، هێزە جیهانیەكان بیرۆكەیەكی روونیان نییە دەربارەی ئەوەی چۆن لەم تەنگوچەڵەمەیە رزگاریان بێت. تاوەكو ئەمریكا و روسیا و ئێران نەگەنە رێككەوتنێك، ئەوا چارەسەرێكی خێرا بۆ قەیرانی سوریا نایەتە ئاراوە، ئەمەش جێی داخە. هەروەها لەمەش خراپتر ئەوەیە پێشبینی ناكەم لە داهاتوویەكی نزیكدا ئەم رژێمە بڕووخێت، ئەگەر ئەمەش رووبـدات، ئەوا بارودۆخەكە توندتـر و دژواتر دەبێت، و رەنگە شـەڕێكی ناوخۆیی درێژخایەنی لێبكەوێتـەوە، و ئەگەری ئەوە هەیە لەوە خوێناویتربێت كە ئێسـتا دەیبینین و رەنگە دابەشبوون رووبدات لەنێو سـوریادا. كەواتە مـەرج نییە رووخانی ئەسەد، رێگاچارەیەكی عەمەلی بێت، ئەگەر ئامانجەكە بریتی بێت لە كۆتایی هێنان بەو كارەساتەی لە سوریادا روودەدات. تاكـە رێگاچارەی دەربازبـوون بریتییە لە چارەسەرێكی سیاسی بۆ بارودۆخەكە، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆی نێوان لایەنە جیاوازەكان دەبێت، و ئەمەش پێویستی بە چەترێكی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەیە، بۆ ئەوەی ئاسـانكاری بۆ گفتوگۆی ناوخۆیی بكەن، بە ئومێدی ئەوەی سـوریا بەرەو رژێمێكی نوێ ببەن، بێ ئەوەی ئەمە هاوشـان بێت بە هەرەسهێنانی یەكجارەكی دەوڵەتەكە. روونترین نموونە و روونترین بەراوردكاری لەم رووەوە بریتییە لە شەڕی ناوخۆیی لوبنان، كە لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستی پێكرد، كە پرسی هاوشێوە هەبوون، لەبەر ئەوەی لایەنێك داوای چاكسـازی دەكرد و لایەنەكەی دیكە دژی چاكسازی سیاسی بوو، و دواتر ناكۆكیەكە، شەڕە ناوخۆییەكە، بۆ ١٥ ساڵ درێژەی كێشا و لە ساڵی ١٩٩٠دا كۆتایـی هات، كەواتە بێ رێنوێنی دەرەكی و بێ بوونی چەترێكی دەرەكی، بۆ ئەوەی ئاسـانكاری بۆ دیالۆگی سیاسـی ناوخۆی بكەن و رەنگە ئەمەش چاكسازی سیاسیشـی لێبكەوێتەوە،- چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخەكە نایەتەئـاراوە- و بە داخەوە بارودۆخی سـوریا بە چەشـنێكە، كە بەم زووانـە یەكلانابێتەوە. بـە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تێڕوانینێكـی ئەكادیمیم هەبووە بۆ بارودۆخی سـوریا، و وڵاتە دابەشبووەكانی وەك عێراق و لوبنان و بە شـێوەیەكی گشـتی ئەردەن، ئومێد دەكەم یاریزانە سیاسـەكانی ناوچەكە و دەرەوەی ناوچەكە، بگەنە ئەو قەناعەتەی كە دیالۆگی سیاسی و چاكسازی سیاسـی تاكە رێگان بۆ چارەسەركردنی كێشەی سوریا، و پێویستە دامەزراوەگەلێك لەم وڵاتانەدا بنیـات بنێن، كە بەرژەوەندیەكانـی پێكهاتەی كورد و داواكاریە كەلتوریەكانی لە خۆبگرێت لە نێو سوریادا، و هەروەها لە عێراق- كە زۆر دەسـتكەوت بەدەستهاتوون- كە ئەگـەری ئەوە هەیە، ئەمـە كوردەكانی توركیاش بگرێتەوە)).

**ئەمریكا لەلایەك و روسیا و ئێرانیش لەلایەكی دیكەوە هەوڵدەدەن رێككەوتنێك بێتەئاراوە بۆ رزگاركردنی سوریا لەو شەڕە ناوخۆییە خوێناوییەی تێیكەوتووە**

**لە سوریادا، شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە، ئەم شەڕی ناوخۆییەش، جەمسەرگیریەكی ئیقلیمی خوڵقاندووە، كە هەندێ دەوڵەت پاڵپشتی موعارەزە دەكەن و هەندێ دەوڵەتی دیكەش پشتگیری رژێمەكە دەكەن**



**بوونی ئیسلامیە توندڕەوەکانیش لە نێو موعارەزەی سوریدا، مایەی نیگەرانی زۆرێک لە هێزەکانی رۆژئاوا و وڵاتانی کەنداوە، وەک سعودیە و ئیمارات**

**پێموایە هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت، لەوەی لایەنەکانی باکووری سوریا یەکبخات و وایان لێبکات ئاڕاستەیەکی میانڕەوتر بگرنەبەر**

### کورد لەناو بارودۆخی سوریادا

لەم بارودۆخە قەیراناویەدا هێشتا تێڕوانینی راشکاوانەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ مافەکانی کورد ئاشکرا نییە، پرۆفیسۆر ئەنتۆنی گۆرمان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکە گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ و زیاتر لە یەك ملیۆن پەنابەر هەیە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەتا ئێستا نەیتوانیوە پرسی خۆی رێکبخات و بەرچاو روونییەك بۆ ئایندە دروست بکات لەمبارەوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (بەڕای من ئۆپۆزسیۆنی سوریا هێشتا نەیتوانیوە کەیسێکی بەهێز دروست بکات کە تیایدا یەکگرتوو بێت و مافەکان گرەنتی بکات، نەك تەنیا مافی کوردەکان، بەڵکو تەنانەت مافی عەلەوییەکان-یش لەکاتێکدا رژێمەکەی ئەسەد بەردەوام ئەوە دەڵێتەوە کە تەنیا ئەوان دەتوانن پێگەی عەلەوییەکان بپارێزن و تاڕادەیەك پاراستنی گرووپەکانی کرستیان، بەڕای من زۆر گرنگە ئۆپۆزسیۆن روونی بکاتەوە کە تێڕوانینی هەیە بەرەو ئاڕاستەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نیشتمانی لەڕێگەی زامنکردنی مافەکانی هەموو گرووپە جیاوازەکانی سوریا بە کورد و بە عەلەوییەکان-یشەوە لەگەڵ دەستەبەرکردنی شەرعییەت و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کەمینەکان. لەم بارودۆخەدا کە خەریکە بەرەو قەیرانێکی مرۆیی دەڕوات و مەترسیەکی گەورەشە، لەبەر ئەوەی لەم رۆژانە راگەیەنرا کە نزیکەی یەك ملیۆن پەنابەری سوری ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوونە، هەڵبەتە ئەوەیش کارەساتێکی مرۆییە لەبەرئەوەی هەرچەندە رێکخراو و ئاژانسەکانی یارمەتی و هاوکاری تاڕادەیەك یارمەتییان بەخشیوە، بەڵام ژمارەی پەنابەرەکان زیادیکردووە – چونکە رۆژانە هەزارەها هاووڵاتی لە وڵات رادەکەن – پێموایە ئەو شتەیش دەبێتەهۆی دانانی فشاری سیاسیی زیاتر لەلایەن بەریتانیا و ئەمریکا و لەوانەیە بیکەن بە پاساوێك بۆ گێڕانی رۆڵێکی گەورەتر و بەڕای من تەنانەت ئەگەر هەرچیش بکەن ئەوە لەسەر بنەمای «دەستێوەردانی مرۆیی» دەیکەن نەك لەسەر بنەمای «هۆکاری سیاسی» چونکە بەڕای من تازە گومانم هەیە لەوەی چارەسەری سیاسی لەلایەن کارئەکتەری دەرەکییەوە بدۆزرێتەوە)).

بەڵام د.ئەدهەم ساولی سەبارەت بە دۆخی کورد لە سوریا پێیوایە کوردی سوریا لەم بارودۆخەدا بەتەواوی یەکگرتوونین و جۆرە دابەشبوونێك لە نێوانیاندا هەیە بۆیە لەمبارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (کوردەکانی سوریاش دابەشبوونە، بەڵام ئەگەر لە رووی میسالیەوە قسە بکەین، ئەوا کوردەکان، دەیانەوێت بەلای کەمەوە دۆخێکی ئۆتۆنۆمی هاوشێوەی دۆخی -کوردەکانی عێراق- دەستەبەر بکەن. بەڵام خەونی ئەوان ئەوەیە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، ئەگەرچی ئەمە رێگاچارەیەکی عەمەلی نییە، کەواتە لەلایەکەوە هەوڵی ئەوە دەدەن هاوسەنگیەك رابگرن لە نێوان ترس لە دەستێوەردانی تورکیا، لەلایەك، و هێنانەدی ئاستێك لە ئۆتۆنۆمی و بەدەستهێنانی داننپێدانانێکی کەلتووری و پەروەردەیی لەلایەن رژێمی داهاتووی سوریاوە، لەلایەکی دیکەوە. لەم رووەوە، پێموایە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت، لەوەی لایەنەکانی باکووری سوریا یەکبخات و وایان لێبکات ئاڕاستەیەکی میانڕەوتر بگرنەبەر. بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەم هەوڵانە ئاڵۆزبن، ئەو رووداوانەیە کەلەسەر ئەرزی واقیع لە سوریا روودەدەن، هەروەها بەهۆی کاریگەری تورکیا لەسەر رەوتی رووداوەکانی سوریا. تا ئێستا بارودۆخی کوردەکانی سوریا، دژوارە و رەنگە پێویست بە راگرتنی هاوسەنگی هێز بکات لە نێوان هێزە جیاوازەکاندا)).